# الخصائص الرئيسية للعاطلين عن العمل في محافظة أربيل: دراسة ميدانية في التركيبة الديموغرافية والتوزيع الجغرافي

ساره اسماعيل عبدالجليل (١)   أ.د. روستم سلام عزيز (٢)
1 - مدرسة زوزاني الثانوية للبنات، مديرية التربية والتعليم في إقليم كردستان المركزي، المديرية العامة للتربية والتعليم في أربيل، إقليم كردستان، العراق الاتحادي
saraismael2024@gmail.com

٢- قسم الجغرافيا، كلية العلوم الإنسانية، جامعة كوية، كوية، إقليم كردستان، العراق الاتحادي
rostam.salam@koyauniversity.org

**الكلمات المفتاحية**: البطالة، محافظة أربيل، التوزيع الجغرافي، الخصائص الديموغرافية، سوق العمل.

## كيفية اقتباس البحث

عبدالجليل , ساره اسماعيل , روستم سلام عزيز , الخصائص الرئيسية للعاطلين عن العمل في محافظة أربيل: دراسة ميدانية في التركيبة الديموغرافية والتوزيع الجغرافي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** مسجلة في **ROAD**

**Indexed** مفهرسة في **IASJ**

# Characteristics of the Unemployed in Erbil Governorate: A Field Study on Demographic Composition and Geographial Distribution

1 - Sarah Ismail Abduljalil
2 - Prof. Dr. Rustam Salam Aziz

1 - Zozani Secondary School for Girls, Directorate of Education in the Kurdistan Region, General Directorate of Education in Erbil, Kurdistan Region, Federal Iraq
saraismael2024@gmail.com

2 - Department of Geography, College of Humanities, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Federal Iraq
rostam.salam@koyauniversity.org

**Keywords** : Unemployment, Erbil Governorate, Geographical Distribution, Demographic Characteristics, Labor Market.

**How To Cite This Article**
Abduljalil , Sarah Ismail , Rustam Salam Aziz ,Characteristics of the Unemployed in Erbil Governorate: A Field Study on Demographic Composition and Geographial Distribution ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

CC BY NC ND

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract:

This study aims to analyze the socio-spatial characteristics and geographical distribution of unemployment in Erbil Governorate using field data from 2021. Adopting a descriptive-analytical approach, a field survey was conducted involving 656 unemployed individuals across various districts. The data were analyzed using SPSS software in accordance with the international standards set by the 19th International

Conference of Labour Statisticians (19th ICLS). The findings reveal a significant spatial concentration of unemployment in Erbil's central district (39.2%), primarily driven by internal rural-to-urban migration and rapid urbanization. Demographically, unemployment is a youth-centric phenomenon, with 86% of the sample aged under 35. A critical finding is the prevalence of "educated unemployment," as 59% of respondents hold university degrees or diplomas, signaling a profound mismatch between educational outputs and labor market demands. Socioeconomically, the high percentage of married individuals among the unemployed (78.8%) underscores the heightened economic vulnerability of households and the widening cycle of poverty. The study concludes that unemployment in Erbil is a structural challenge influenced by demographic pressures and limited private sector absorption. It recommends strategic policy interventions to align academic specializations with market requirements and to implement development projects in peripheral districts to alleviate the demographic pressure on the provincial center. This method is a scientific way to display and convert statistical and geographical data on a map to clearly show the spatial distribution of the phenomenon, which is used here through mapping techniques and the use of dot density maps The prevalence of unemployment in the province has paid dividends.

## الملخص:

تهدف هذه الدراسة إلى تحليل الخصائص الاجتماعية-المكانية والتوزيع الجغرافي لظاهرة البطالة في محافظة أربيل، بالاعتماد على البيانات الميدانية لعام ٢٠٢١. اعتمد البحث المنهج الوصفي التحليلي من خلال استمارة استبيان شملت ٦٥٦ عاطلاً عن العمل موزعين على أقضية المحافظة، وتم تحليل البيانات باستخدام برنامج SPSS وفق المعايير الدولية للمؤتمر الدولي التاسع عشر لخبراء إحصاءات العمل (19th ICLS). أظهرت النتائج وجود تركز مكاني كبير للبطالة في قضاء مركز أربيل بنسبة (٣٩,٢%)، نتيجة للهجرة الداخلية من الريف إلى المدينة والنمو الحضري السريع. ديموغرافياً، تبين أن البطالة هي ظاهرة شبابية بامتياز، حيث أن ٨٦% من أفراد العينة تقل أعمارهم عن ٣٥ عاماً. ومن أبرز النتائج التي توصلت إليها الدراسة هي "بطالة المتعلمين"، إذ أن ٥٩% من العاطلين هم من حملة الشهادات الجامعية والدبلوم، مما يشير إلى فجوة عميقة بين المخرجات التعليمية واحتياجات سوق العمل الفعلية. كما أن الارتفاع الكبير في نسبة المتزوجين بين العاطلين (٧٨,٨%) يعكس الضغوط الاقتصادية الشديدة على الأسر ويساهم في توسيع دائرة الفقر. تخلص الدراسة إلى أن البطالة في أربيل تمثل تحدياً هيكلياً يتأثر بالضغوط الديموغرافية وضعف قدرة القطاع الخاص على الاستيعاب. وتوصي الدراسة بضرورة مواءمة التخصصات الأكاديمية مع متطلبات السوق وتفعيل المشاريع التنموية في الأقضية الطرفية لتقليل الزخم السكاني على مركز المحافظة. تُعد هذه الطريقة طريقة علمية لعرض وتحويل البيانات الإحصائية والجغرافية على الخريطة لإظهار التوزيع المكاني للظاهرة بوضوح، والتي تُستخدم هنا من خلال تقنيات رسم الخرائط واستخدام خرائط كثافة النقاط. وقد أتى انتشار البطالة في المقاطعة بثماره.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

## خەسڵەتە سەرەکییەکانی بێکاران لە پارێزگای هەولێر: توێژینەوەیەکی مەیدانی لە پێکهاتە و دابەشبوونی جوگرافی

ساره اسماعيل عبدالجليل (١) پ.د. روستم سلام عزيز (٢)
١ دواناوەندی زۆزانی کچان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراقی فیدراڵ. (saraismael2024@gmail.com)
٢ بەشی جوگرایا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراقی فیدراڵ (rostam.salam@koyauniversity.org ).

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی خەسڵەتە کۆمەڵایەتی-شوێنییەکان لەگەڵ دابەشبوونی جوگرافیی دیاردەی بێکارییە لە پارێزگای هەولێر، بەپشتبەستن بە داتاکانی ساڵی ٢٠٢١. توێژینەوەکە میتۆدێکی وەسفی-شیکاریی گرتووەتەبەر و پشت دەبەستێت بە فۆرمێکی ڕاپرسی کە ٦٥٦ کەسی بێکار لە قەزا جیاوازەکاندا بەشدارییان تێدا کردووە، داتاکان لە ڕێگەی پرۆگرامی SPSS و بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کۆنفرانسی نۆزدەهەمی ئامارناسانی کار ( 19th ICLS) شیکراونەتەوە. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە چڕبوونەوەیەکی شوێنیی بەرچاو لە قەزای ناوەندی هەولێردا هەیە بە ڕێژەی (٣٩,٢٪)، کە ئەمەش بەهۆی لێشاوی کۆچی گوندنشینان و گەشەی خێرای شارنشینییەوەیە. لە ڕووی دیمۆگرافییەوە، بێکاری دیاردەیەکی گەنجانەیە و ٨٦٪ی نموونەکە تەمەنیان لە خوار ٣٥ ساڵییەوەیە. یەکێک لە ئەنجامە هەرە گرنگەکان بریتییە لە بێکاریی دەرچووان، بەو پێیەی ٥٩٪ی بێکاران خاوەن بڕوانامەی زانکۆ و دبلۆمن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ناهاوسەنگییەکی قووڵ لە نێوان دەرهاویشتە زانستییەکان و پێداویستییەکانی بازاڕی کار. هەروەها، ڕێژەی بەرزی بێکارانی خێزاندار (٧٨,٨٪) فشارێکی ئابووریی توند دەخاتە سەر خێزانەکان و بازنەی هەژاری فراوانتر دەکات. توێژینەوەکە بە چەند پێشنیارێک کۆتایی دێت بۆ گونجاندنی پسپۆڕییە ئەکادیمییەکان لەگەڵ بازاڕی کار و گرنگیدان بە پەرەپێدانی قەزا پەراوێزخراوەکان بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر ناوەندی شار.

**کلیلەوشەکان:** بێکاری، پارێزگای هەولێر، دابەشبوونی شوێنی، خەسڵەتە دیمۆگرافییەکان، بازاڕی کار.

**پێشەکی:**

دیاردەی بێکاری (Unemployment) یەکێکە لە گرفتە هەرە ئاڵۆز و مەترسیدارەکانی بەردەم گەشەپێدانی ئابووری و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا. ئەم دیاردەیە تەنها ژمارەیەکی پەتی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک ڕەهەندی دیمۆگرافی، کۆمەڵایەتی و جوگرافییە کە کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن. لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر، بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکان لە پێکهاتەی ئابووری و لێشاوی بەردەوامی کۆچی ناوخۆیی بەرەو سەنتەری شار، دیاردەی بێکاری ڕەهەندێکی شوێنی (Spatial) و خەسڵەتێکی تایبەتی وەرگرتووە کە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی زانستیی قووڵ هەیە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تەنها لەسەر ئاستی تیۆری نەوەستاوە، بەڵکو لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای مەیدانیی ساڵی (٢٠٢١) و بەپشتبەستن بە نوێترین پێوەرە نێودەوڵەتییەکان (وەک پێوەرەکانی کۆنفرانسی نۆزدەهەمی ئامارناسانی کار ICLS-19)، هەوڵ دەدات وێنەیەکی ڕاستەقینە و وردی نەخشەی بێکاری لە پارێزگای هەولێردا بکێشێت. دیارترین

کێشەیەک کە توێژینەوەکە تیشکی دەخاتە سەر، پرسی ناهاوسەنگیی دابەشبوونی بێکارییە لە نێوان قەزاکان، بەجۆرێک کە قەزای ناوەندی هەولێر بووەتە چەقێکی سەرەکی بۆ کۆبوونەوەی بێکاران، کە ئەمەش فشارێکی زۆری خستووەتە سەر بازاڕی کار لە ناوەندی شاردا.

**کێشەی توێژینەوە**

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا چڕبووەتەوە کە پارێزگای هەولێر، سەرەڕای گەشەی ئابووری و ئیداری، ڕووبەڕووی جۆرێک لە بێکاریی پێکهاتەیی بووەتەوە کە چەند ڕەهەندێکی مەترسیداری گرتووەتەبەر. یەکەم؛ ناهاوسەنگییەکی بەرچاو لە دابەشبوونی شوێنیی بێکاری لە نێوان قەزاکاندا هەیە، بەجۆرێک کە سەنتەری شاری هەولێر بەهۆی لێشاوی کۆچەوە ڕووبەڕووی فشارێکی زۆری دیمۆگرافی بووەتەوە. دووەم؛ دیاردەی بێکاری بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێوان توێژە گەنجەکان و خاوەن بڕوانامە ئەکادیمییەکاندا چڕبووەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی درزێکی قووڵ لە نێوان دەرهاویشتە زانستییەکانی زانکۆکان و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی بازاڕی کار. بۆیە ئەم کێشەیە بۆ چەند پرسیارێك ورد دەکەینەوە:

١. پرسیاری شوێنی: دابەشبوونی جوگرافیی بێکاری لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر چۆنە؟ و هۆکارە سەرەکییەکانی چڕبوونەوەی بێکاری لە قەزای ناوەندی هەولێر بەراورد بە قەزاکانی تر چین؟
٢. پرسیاری دیمۆگرافی: خەسڵەتە سەرەکییەکانی بێکاران لە پارێزگای هەولێر لە ڕووی (تەمەن، ڕەگەز، و باری خێزانی) چین؟ و بۆچی دیاردەی بێکاری زیاتر لە ناو توێژی گەنجاندا (١٥-٣٤ ساڵ) چڕبووەتەوە؟
٣. پرسیاری پەروەردەیی: پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندن و بێکاری چۆنە؟ و بۆچی ڕێژەی بێکاری لە ناو خاوەن بڕوانامە باڵاکاندا (بەکالۆریۆس و دبلۆم) لە ئاستێکی بەرزدایە؟
٤. پرسیاری بژێوی: بارودۆخی دارایی و داهاتی بێکاران لە پارێزگای هەولێر چۆنە؟ و بێکاری چ فشارێکی ئابووری خستووەتە سەر سەقامگیریی خێزانەکان؟

**گریمانەکانی توێژینەوە:**

گریمانەکان، بەگوێرەی پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- دابەشبوونی شوێنیی بێکاری لە پارێزگای هەولێردا ناهاوسەنگە و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چڕبوونەوەی ئیداری و ئابوورییەوە هەیە، بەجۆرێک پێشبینی دەکرێت کە قەزای ناوەندی هەولێر چڕترین ناوچەی بێکاریی بێت، بەهۆی لێشاوی کۆچی گوندنشینان و گەنجان بەرەو سەنتەری شار بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی کار.
٢- دیاردەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر خەسڵەتێکی گەنجانەی هەیە؛ واتە پێوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان تەمەنی گەنجی و ڕێژەی بێکاریدا هەیە، بەجۆرێک کە زۆرینەی بێکاران لە ناو توێژی (١٥-٣٤ ساڵ)دا چڕبوونەتەوە و ئەمەش ئاستەنگێکی گەورەی بۆ هێزی کاری چالاک دروست کردووە.
٣- ناهاوسەنگییەکی قووڵ لە نێوان دەرهاویشتە ئەکادیمییەکان و پێداویستییەکانی بازاڕی کاردا هەیە؛ بەو پێیەی ڕێژەی بێکاری لە ناو خاوەن بڕوانامە باڵاکاندا (بەکالۆریۆس و دبلۆم) زۆر زیاترە بەراورد بەوانەی بڕوانامەیان نییە یان ئاستی خوێندنیان نزمە.
٤- بێکاری کاریگەرییەکی نەرێنیی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی داهات و بژێویی خێزانەکان هەیە؛ بەهۆی ئەوەی زۆرینەی بێکاران خێزاندارن، بێکاری بووەتە هۆی دروستکردنی فشارێکی

دەروونی و دارایی توند کە هەڕەشە لە سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی خێزانەکان دەکات لە پارێزگاکەدا.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتا مەیدانییەکانەوە ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدەست بهێنێت:

١- شیکردنەوەی دابەشبوونی جوگرافی و شوێنیی بێکاری لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر و دیاریکردنی ئەو ناوچانەی کە زۆرترین ڕێژەی بێکارییان تێدا چڕبووەتەوە (وەک قەزای ناوەند) و تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەو چڕبوونەوەیە.

٢- ناساندن و تیشکخستنە سەر خەسڵەتە دیمۆگرافییەکانی توێژی بێکاران لە پارێزگاکەدا، بەتایبەت لە ڕووی (تەمەن، ڕەگەز، و باری خێزانی) بۆ تێگەیشتن لەوەی بێکاری زیاتر کام چین و توێژی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

٣- دەرخستنی پێوەندی نێوان ئاستی خوێندن و بێکاری، و شیکردنەوەی ئەو ناهاوسەنگییەی لە نێوان دەرهاویشتە ئەکادیمییەکان (دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان) و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی بازاڕی کاردا هەیە.

٤- هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی بێکاری لەسەر بارودۆخی دارایی و داهاتی بێکاران، و دەرخستنی ئەو فشارە ئابوورییەی کە بێکاری دەیخاتە سەر سەقامگیریی خێزانەکان لە پارێزگای هەولێر.

٥- گەیشتن بە کۆمەڵێک ئەنجام و پێشنیاری زانستی کە یارمەتیدەر بن بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و داڕێژەرانی سیاسەتی گەشەپێدان، بە مەبەستی داڕشتنی ستراتیژی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەرفەتەکانی کار لەسەر ئاستی قەزاکان.

**میتۆدەکانی توێژینەوە:**

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا، بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان تێکەڵەیەک لە چەند میتۆدێکی زانستی بەکارهاتووە:

**میتۆدی وەسفی-شیکاری:**

ئەم میتۆدە بریتییە لە پرۆسەی پۆلێنکردن و وەسفکردنی زانستیی دیاردەکە و پاشان لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، کە لەم توێژینەوەیەدا بۆ وەسفکردنی وردی خەسڵەتە دیمۆگرافییەکانی بێکاران وەک تەمەن و ئاستی خوێندن و پاشان شیکردنەوەی ئەو هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی بوونەتە هۆی چڕبوونەوەی بێکاری لە سەنتەری شاری هەولێر بەراورد بە قەزاکانی تر بەکارهاتووە تاوەکو ڕەهەندە نادیارەکانی کێشەکە ڕوون بکرێنەوە.

**میتۆدی گەڕانی مەیدانی:**

ئەم میتۆدە وەک ڕێبازێکی بنەڕەتی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە سەرەتاییەکان لە سەرچاوە ڕاستەقینەکان پێناسە دەکرێت، کە لەم کارەدا لە ڕێگەی ئاراستەکردنی فۆڕمی ڕاپرسین بۆ نموونەیەکی ٦٥٦ کەسی لە بێکارانی قەزا جیاوازەکانی پارێزگای هەولێر پەیڕەو کراوە، ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ بەدەستهێنانی وێنەیەکی واقیعی و ورد لەبارەی بارودۆخی بژێوی و ئاستی زانستیی بێکاران کە تەنها لە ڕێگەی داتا فەرمییە گشتییەکانەوە بەو وردییە بەدی نایەت.

**میتۆدی ئاماری:**

ئەم میتۆدە بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازە ماتماتیکییەکان بۆ رێکخستن و پۆلێنکردنی داتا خاوەکان و گۆڕینیان بۆ زمانێکی ژمارەیی فەرمی، کە لەم توێژینەوەیەدا لە رێگەی پرۆگرامی (SPSS)ەوە داتاکانی ڕاپرسینەکە شیکراونەتەوە و کراونەتە خشتە و رێژەی سەدی بۆ سەلماندنی ڕاستی و قەبارەی بێکاری، بەتایبەت لە دەرخستنی ئەو رێژە بەرزانەی بێکاری کە لە ناو توێژی گەنجان و خاوەن بڕوانامە باڵاکاندا تۆمار کراون.

**میتۆدی کارتۆگرافی و شیکردنەوەی شوێنی:**

ئەم میتۆدە رێگایەکی زانستییە بۆ نواندن و گۆڕینی داتا ئاماری و جوگرافییەکان بۆ سەر نەخشە تاوەکو دابەشبوونی شوێنیی دیاردەکە بە ڕوونی دەربکەوێت، کە لێرەدا لە رێگەی تەکنیکەکانی نەخشەسازی و بەکارهێنانی نەخشەی چڕیی خاڵی (Dot Density Map) بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ناوچە و قەزایانەی پارێزگای هەولێر بەکارهاتووە کە زۆرترین بێکارییان تێدا کۆبووەتەوە، ئەمەش وەک ئامرازێکی بینراو بۆ تێگەیشتن لە نەخشەی بڵاوبوونەوەی بێکاری لە پارێزگاکەدا سوودی لێبینراوە.

**سنووری توێژینەوە**


پارێزگای هەولێر، ناوچەی توێژینەوەکەیە، بۆ ئاشنابونی زیاتر لە پارێزگاکە هەریەک لە (شوێنی ئەسترۆنۆمی، شوێنی جوگرافی پارێزگای هەولێر) باسدەکەین. (بنوارە نەخشەی ١)

پارێزگاکە، لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە لە نێوان بازنەکانی پانیی ("٣٣ '٢٢ °٣٥ - "٠٥ '١٩ °٣٧) ی باکووری گۆی زەوی و هێڵەکانی درێژیی ("٤١ '٢٠ °٤٣- "٢٠ '٠٥ °٤٥) ی رۆژهەڵات هەڵکەوتووە، کەواتە پارێزگاکە کەوتۆتە باکوری خۆرهەلاتی گۆی زەویەوە (بنوارە نەخشەی ١).

لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە: وەکی لە نەخشەکەدا دیارە، پارێزگاکە کەوتۆتە باکوری عێراقەوە، لە خۆرهەڵاتییەوە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی، لە خۆرئاواوە لەگەڵ هەریەک لە پارێزگاکانی دهۆک و نەینەوا، لە باکورەوە سنووری نێودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتی تورکیادا هەیە، لە باشورە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگاکانی کەرکوک و سەلاحەدین.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

نەخشەی (١): سنوور و شوێنجێی پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: کاری توێژەر بەگوێرەی: (حەداد، ٢٠١١: ١١).

**ماوەی توێژینەوە**

ماوەی کاتیی ئەم توێژینەوەیە قۆناغێکی مێژوویی و ئاماریی گرنگ دەگرێتەوە کە بریتییە لە ساڵی (٢٠٢٢)، کە تەواوی داتا فەرمییەکان و داتا مەیدانییەکان لەم ساڵەدا وەرگیراوە.

**ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان**

بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کار بۆ ساڵی ٢٠٢١، کە تێیدا پێوەری نۆزدەهەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارناسانی کار (19th ICLS) وەک نوێترین و وردترین پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی هێزی کار و بێکاری پەیڕەو کراوە، لە خشتەی (٣-١)دا دەردەکەوێت، کە ڕێژەی بێکاری پارێزگای هەولێر لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەبینرێتن، لە چوارچێوەی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستاندا. بەوپێیەی ئەم پێوەرە نوێیە (ساڵی ٢٠١٣) لەسەر ئاستی جیهان دانراوە، ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای هەولێردا گەیشتووەتە (١٧,٧٪)، کە ئەمەش ڕێژەیەک پترە لە تێکڕای گشتی بێکاری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە (١٦,٥٪)ە. ئەم بەرزبوونەوەیە لە ڕێژەی بێکاریی هەولێر لەکاتێکدایە کە پارێزگاکە خاوەنی بەرزترین ڕێژەی بەشداری لە هێزی کاردایە (بە ڕێژەی (٤٧٪) لەسەر ئاستی هەرێم، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی کە

خواستی کارکردن لە هەولێر لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام بازاڕی کار نەیتوانیوە بە هەمان خێرایی دەرفەتی کار بۆ ئەو هێزە چالاکە بڕەخسێنێت.

خشتەی (٣-١): ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢١

| پارێزگا | ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار (%) - بەپێی پێناسەی 19th ICLS | ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار (%) - بەپێی پێناسەی 13th ICLS | ڕێژەی بێکاری (%) - بەپێی پێناسەی 19th ICLS | ڕێژەی بێکاری (%) - بەپێی پێناسەی 13th ICLS |
|---|---|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ٠.٤٥ | ٥١,٨ | ١٦,٥ | ١٣,٢ |
| هەولێر | ٤٧,٠ | ٥٣,٣ | ١٧,٧ | ١٤,٧ |
| دهۆک | ٣٩,٦ | ٤٨,٥ | ٢٤,١ | ١٦,٩ |
| سلێمانی | ٤٦,٤ | ٥٢,٥ | ١٢,٠ | ١٠,٠ |
| هەڵەبجە | ٤٤,٥ | ٤٨,٢ | ١٠,٤ | ٨,٩ |

سەرچاوە: (دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠٢٢: ١٨)

لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێم، دەردەکەوێت کە پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی (٢٤,١٪) لە پلەی یەکەمی بێکاریدایە، کە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ هەولێر هەیە. لە بەرانبەردا، پارێزگاکانی سلێمانی (١٢٪) و هەڵەبجە (١٠,٤٪) ڕێژەی بێکارییان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە پارێزگای هەولێر. ئەم جیاوازییە شوێنییە لە ڕێژەکانی بێکاریدا، دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ چەندین فاکتەری جوگرافی و دیمۆگرافی؛ لەوانە چڕیی دانیشتووان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر و بەردەوامیی ڕەوتی کۆچکردن بۆ ئەم شارە وەک چەقی کارگێڕی و سیاسیی هەرێم، کە وایکردووە فشارێکی زۆر بکەوێتە سەر هەلی کار لە کەرتی تایبەت و گشتییدا. سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی بەشداری لە هێزی کار لە هەولێر (٤٧٪)ە و لە هەموو پارێزگاکانی تر بەرزترە، بەڵام هێشتا ڕێژەی بێکارییەکەی بە (١٧,٧٪) بەرزترە لە سلێمانی و هەڵەبجە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە پەیوەندییەکی هاوتەریب لە نێوان (زۆریی هێزی کار و زیادبوونی ڕێژەی بێکاریی دیار) لە پارێزگای هەولێردا بوونی هەیە، کە پێویستی بە شیکردنەوەی وردی پێکهاتەی ئابووری و دابەشبوونی پیشەیی دانیشتووانەکەی هەیە لە تەوەرەکانی داهاتوودا.

### تەوەری یەکەم: دابەشبوونی جوگرافیی بێکاران

دابەشبوونی جوگرافیی بێکاران بە یەکێک لە تەوەرە هەرە بنەڕەتی و گرنگەکانی بواری جوگرافیای دانیشتووان دادەنرێت، چونکە ئەم تەوەرە ڕێگە بە توێژەر دەدات لە چوارچێوەی گشتاندنی ژمارەیی و ئاماریی ڕەها دەربچێت و بەرەو شیکردنەوەی شوێنیی هەنگاو بنێت. لێرەدا مەبەست تەنها نیشاندانی قەبارەی بێکاری نییە، بەڵکو تێگەیشتنە لەوەی بۆچی ئەم دیاردەیە لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا چڕبووەتەوە و لە ناوچەیەکی تردا ڕێژەکەی نزمە. لە چوارچێوەی پارێزگای هەولێردا، ئەم دابەشبوونە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک فاکتەری ئاڵۆزی جوگرافی، کارگێڕی و ئابوورییە کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان سەنتەری پارێزگاکە و قەزاکانی دەوروبەر (پەراوێزەکان) دروستدەکاتن، ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە چڕیی وەبەرهێنان، بوونی ژێرخانی ئابووری و دابەشبوونی دەزگا کارگێڕییەکانەوە هەیە.

شیکردنەوەی دابەشبوونی شوێنیی بێکاران، یارمەتیدەرێکی سەرەکییە لە ناسینەوەی ئەو (گرفتە جوگرافیانەی) کە ڕووبەڕووی بازاڕی کار دەبنەوە، بەتایبەت لەو ناوچە و یەکە

کارگێڕییانەی کە لە ناوەندی بڕیاری سیاسی و چەقی بازرگانییەوە دوورن. لێرەوە، خوێندنەوەی ورد بۆ دابەشبوونی بێکاران لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان و دیاریکردنی چڕییە جیاوازەکان، وێنەیەکی ڕاستەقینەمان دەداتێ لەسەر (نایەکسانیی شوێنی) لە دەرفەتەکانی کار و پەرەپێدان. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە نەک تەنها بۆ لایەنی زانستی، بەڵکو بۆ داڕێژەرانی پلانی پەرەپێدان لە پارێزگاکەدا گرنگییەکی ئێجگاری دەبێت، تا بتوانریت لەسەر بنەمای پێویستیی ڕاستەقینەی ناوچە جوگرافییەکان، کار بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و کەمکردنەوەی فشارە دیمۆگرافییەکان بکرێت.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە دابەشبوونە شوێنییەکانی بێکاران لەسەر بنەمای فۆڕمی ڕاپرسیی تێزەکە ئەنجام دەدرێت، چونکە داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لەسەر ئاستی گشتیی پارێزگاکان ئەنجامدراون، لە ئاستی بچوکتر (قەزایەکان) هیچ داتایەکی دکومی نییە.

## ١-١- دابەشبوونی بێکاران لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان (قەزایەکان)

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی مەیدانی بۆ دابەشبوونی بێکاران بەپێی یەکە کارگێڕییەکان (قەزاکان) لە پارێزگای هەولێر، ئاماژە بە هەبوونی جیاوازییەکی بەرچاو و ناهاوسەنگیی لە دابەشبوونی شوێنیی ئەم دیاردەیەدا دەکەن. وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، قەزای ناوەندی هەولێر بە جیاوازییەکی زۆر لە پلەی یەکەمدایە، بە جۆرێک (٣٩,٢٪)ی کۆی گشتی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (٢٥٧) بێکارە، لەم قەزایەدا چڕبوونەتەوە. ئەم بەرزبوونەوە بەرچاوە دەکرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ چەند فاکتەرێکی جوگرافی و دیمۆگرافی؛ لەوانە چڕیی بەرزی نیشتەجێبوون لە سەنتەری پارێزگاکە و بەردەوامی ڕەوتی کۆچی ناوخۆیی لە قەزاکانی تری دەوروبەر و گوندەکانەوە بۆ ناوەندی شار بە مەبەستی گەڕان بەدوای هەلی کار، کە وایکردووە فشاری دیمۆگرافی لەسەر بازاڕی کار لە ناوەندی هەولێر لە ئاستێکی پێوانەییدا بێت.

خشتەی (٣-٢): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەسەر قەزاکانی پارێزگای هەولێر

| قەزایەکان | ژمارە (دووبارەبوونەوە) | ڕێژەی سەدی(%) |
|---|---|---|
| هەولێر | ٢٥٧ | ٣٩,٢ |
| مەخموور | ١٠٦ | ١٦,٢ |
| دەشتی هەولێر | ٦٣ | ٩,٦ |
| شەقڵاوە | ٥١ | ٧,٨ |
| سۆران | ٥٠ | ٧,٦ |
| خەبات | ٣٨ | ٥,٨ |
| کۆیە | ٣٦ | ٥,٥ |
| مێرگەسۆر | ٢٥ | ٣,٨ |
| چۆمان | ١٢ | ١,٨ |
| ڕەواندز | ١٠ | ١,٥ |
| سیدەکان | ٨ | ١,٢ |
| سەرجەمی پارێزگا | ٦٥٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە (فۆڕمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە لەڕێگەی دەرهاویشتەی پرۆگرامی SPSS)

لە لایەکی دیکەوە، قەزای مەخموور بە ڕێژەی (١٦,٢٪) و بە ژمارەی (١٠٦) نموونەی بێکار لە پلەی دووەمدا دێت، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و ئاماژەیە بۆ باری تایبەتی ئەم قەزایە لە ڕووی ئیداری و ئابوورییەوە. پاشان هەریەک لە قەزاکانی دەشتی هەولێر بە ڕێژەی (٩,٦٪)، شەقڵاوە (٧,٨٪) و سۆران (٧,٦٪) دێن، کە ئاستێکی مامناوەندی نموونەی بێکارییان تێدا


وەرگیراوە. ئەم ناوچانە بەهۆی نزیکییان لە سەنتەری پارێزگا یان بوونیان وەک ناوەندی بازرگانی و گەشتیاری، تا ڕادەیەک دابەشبوونێکی هاوسەنگیان نیشانداوە. لە بەرانبەردا، کەمترین ڕێژەی نموونەی بێکاری لە قەزا و ناحیە دوورەدەستەکان و کوێستانییەکاندا تۆمار کراوە، وەک سیدەکان (١,٢٪)، ڕەواندز (١,٥٪) و چۆمان (١,٨٪). ئەم نزمبوونەوەیەی ڕێژەکە لەم ناوچانە مەرج نییە بە مانای نەبوونی بێکاری بێت، بەڵکو پەیوەندی بە بچووکیی قەبارەی دانیشتووان و کۆچکردنی هێزی کاری ئەو ناوچانە بەرەو سەنتەری پارێزگا هەیە، کە ئەمەش چڕبوونەوەی بێکاری لە ناوەندە ئیداریە گرنگەکاندا دروستدەکاتن.

### ١-٢- چڕی نمونەی بێکاران

بە پشتبەستن بە نەخشەی (٣-١)، کە چڕیی خاڵی (Dot Density Map) بۆ نموونەی بێکاران لە پارێزگای هەولێر تێدا دەرخرایە، جیاوازییەکی ڕوون و بەرچاو لە دابەشبوونی شوێنیی ئەم دیاردەیەدا دەبینرێتن، کە دەتوانرێت بۆ سێ ئاستی سەرەکی دابەش بکرێتن. ئاستی یەکەم و چڕترین ناوچە، لە قەزای ناوەندی هەولێر و دەوروبەریدا چڕبووەتەوە، بە جۆرێک خاڵەکان لەم ناوچەیەدا گەیشتوونەتە ئاستی تێکەڵبوون و دروستکردنی هێشوویەکی شوێنیی گەورە. ئەم چڕییە بەرزە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ لایەنی ناوەندێتیی توندی بێکاری لە سەنتەری پارێزگاکەدا، کە وەک چەق ڕاکێشانی هێزی کار و کۆچی ناوخۆیی کار دەکات، بەڵام بەهۆی تێپەڕاندنی توانای هەڵگرتنی بازاڕی کار لە شارەکەدا، بێکاری تێیدا گەیشتووەتە بەرزترین ئاست.

ئاستی دووەمی چڕی لە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگاکە (قەزای مەخموور) و ناوچەکانی خەبات و دەشتی هەولێر بەدی دەکرێتن. لە مەخمووردا جۆرێک لە چڕبوونەوەی جەمسەری دەبینرێت کە جیاوازە لە چڕیی سەنتەری شار، ئەمەش دەکرێت پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و دابڕانی جوگرافیی هەندێک لە گوندەکانەوە هەبێت کە وایکردووە دەرفەتی کار کەم ببێتەوە. لە بەرانبەردا، ئاستی سێیەم کە کەمترین چڕییە، لە قەزاکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات (مێرگەسۆر، سیدەکان، چۆمان، ڕەواندز) دەبینرێت. لەم ناوچە شاخاوییانەدا، دابەشبوونی بێکاران زۆر پەرش و بڵاوە و چڕییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێتن. ئەم نزمبوونەوەیەی چڕی لەم ناوچانەدا مەرج نییە بە واتای باشی دەرفەتی کار بێت، بەڵکو دەکرێت بۆ چەند هۆکارێکی جوگرافی بگەڕێتەوە؛ لەوانە نزمیی چڕیی گشتیی دانیشتووان لەو ناوچانە، یان کۆچکردنی بەکۆمەڵی گەنجان و بێکارانی ئەو قەزایانە بەرەو سەنتەری شاری هەولێر، کە وایکردووە بێکاریی پەراوێزەکان ڕەوانەی ناوەند بکرێت و لێرەوە جیاوازییە شوێنییەکە لە نەخشەکەدا بەم شێوەیە دەربکەوێتن.

نەخشەی (٣-١): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە لەپارێزگای هەولێر بەپێی شێوازی چڕیی خاڵی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣-٢).

### ٣-١- دابەشبوونی بێکاران بەپێی ژینگەی نیشتەجێبوون

دابەشبوونی جوگرافیی بێکاران لە نێوان ژینگەی شار و لادێدا ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئابووری و جیاوازیی دەرفەتەکانە لە نێوان جەمسەرەکانی گەشەپێدانی وڵاتدا. بەپێی تیۆرییە ئابوورییەکان، دیاردەی کۆچکردن لە لادێوە بۆ شار یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە ناوچە شارییەکاندا، چونکە زۆرجار گەشەی کەرتی پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان لە شاردا لەگەڵ لێشاوی کۆچبەران هاوسەنگ نابێتن، لە کاتێکدا لە ناوچە شارییەکاندا بێکاری زیاتر بە شێوەی بێکاریی ئاشکرا دەردەکەوێتن، لە ناوچە گوندنشینەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بێکاریی شاراوە بوونی هەیە، کە تێیدا تاکەکان لە کەرتی کشتوکاڵدا کار دەکەن بەڵام بەرهەمهێنانیەکی سنووردارایان هەیە (القريشي، ٢٠٠٧: ١٩٤).

لە ئاستی ناوچەیی و لە وڵاتانی عەرەبیدا، ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بێکاری لە شارەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاترە لە گوندەکان، ئەمەش بۆ تەرکیزی سیستەمی پەروەردە لە شارەکان و نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان دەرچووانی زانکۆ و پێداویستییەکانی بازاڕی کار دەگەڕێتەوە (ESCWA, 2021: 12). هەروەها، پێوەرە نوێیەکانی کۆنفرانسی ١٩یەمی ئامارزانانی کار (19th ICLS) جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوند کە

پێشتر وەک خاوەن کار لە کەرتی کشتوکاڵی بژێویدا ئەژمار دەکران، ئێستا لە دەرەوەی هێزی کار یان وەک کەمکار ئەژمار دەکرێن، ئەمەش وێنەیەکی ڕاستەقینەتر لەبارەی دابەشبوونی بێکاری لە نێوان ژینگە جیاوازەکاندا دەخاتە ڕوو. دەرەنجام، جیاوازییەکانی نێوان شار و گوند تەنها لە ڕێژەی بێکاریدا نییە، بەڵکو لە جۆر و سروشتی ئەو بێکارییەشدا دەردەکەوێتن، کە ڕووبەڕووی هەر ژینگەیەک دەبێتەوە (الحمد، ٢٠٠٨: ٨٨).

وەك لە خشتەی (٣-٣) دەبینرێتن، ئەنجامەکانی شیکردنەوەی مەیدانی بۆ دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە، ئاماژە بە هەبوونی نایەکسانییەکی شوێنیی ڕوون دەدەن لە ئاستی دابەشبوونی بێکاری لە نێوان هەردوو ژینگەی شارنشین و گوندنشین لەسەر ئاستی قەزایەکانی پارێزگای هەولێر. لە کەرتی شارنشیندا، کە کۆی بێکارانی نموونەکە (٣٨٤) کەسە، قەزای ناوەندی هەولێر بە ڕێژەیەکی پێوانەیی (٥٥,٧٪) لە پلەی یەکەمدایە. ئەم چڕبوونەوەیە دەری دەخات کە بێکاری لە ناوەندی پارێزگاکەدا خەسڵەتێکی شارنشینیی وەرگرتووە، کە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی بەردەوامیی ڕەوتی کۆچی گوندنشینان و دانیشتووانی قەزاکانی ترە بەرەو چەقی شار بە مەبەستی بەدەستهێنانی کار، ئەمەش وایکردوە کە خواستی کار لە توانای ڕاستەقینەی کەرتی گشتی و تایبەت پتر بێت و فشارێکی دیمۆگرافیی توند لەسەر بازاڕی کاری ناوەندی هەولێر دروست ببێتن.

خشتەی ( ٣-٣): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی قەزایەکان و ژینگەی نیشتەجێبوون (شارنشین و گوندنشین)

| قەزایەکان | ژ. شارنشین | ڕێژە % | ژ. دێنشین | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢١٤ | ٥٥,٧ | ٤٣ | ١٥,٨ |
| مەخموور | ٩ | ٢,٣ | ٩٧ | ٣٥,٧ |
| دەشتی هەولێر | ٤٧ | ١٢,٢ | ١٦ | ٥,٩ |
| سۆران | ٣٥ | ٩,١ | ١٥ | ٥,٥ |
| شەقڵاوە | ٢٥ | ٦,٥ | ٢٦ | ٩,٦ |
| کۆیە | ٢١ | ٥,٥ | ١٥ | ٥,٥ |
| خەبات | ١٩ | ٤,٩ | ١٩ | ٧,٠ |
| مێرگەسۆر | ٥ | ١,٣ | ٢٠ | ٧,٤ |
| چۆمان | ٤ | ١,٠ | ٨ | ٢,٩ |
| ڕەواندز | ٤ | ١,٠ | ٦ | ٢,٢ |
| سیدەکان | ١ | ٠,٣ | ٧ | ٢,٦ |
| **کۆی گشتی پارێزگا** | **٣٨٤** | **١٠٠%** | **٢٧٢** | **١٠٠%** |

سەرچاوە:

لە بەرانبەردا، دابەشبوونی بێکاری لە ژینگەی گوندنشیندا، کە کۆی نموونەکەیان (٢٧٢) کەسە، گۆڕانکاریی یەکجار زۆری بەسەردا هاتیە، لێرەدا قەزای مەخموور بە ڕێژەی (٣٥,٧٪) لە پلەی یەکەمی بێکاریی گوندنشینیاندایە، لە کاتێکدا هەمان قەزا لە ژینگەی شارنشیندا تەنها (٢,٣٪)ی بێکارانی تێدایە. ئەم پارادۆکسە شوێنییە ئاماژەیە بۆ دارمانی دەرفەتی کار لە گوندەکانی مەخموور، کە دەکرێت پەیوەندی بە پاشەکشەی کەرتی کشتوکاڵ و بارودۆخی تایبەتی ئیداری و سیاسیی ئەو ناوچانەوە هەبێت. هەروەها جێی سەرنجە کە قەزاکانی وەک مێرگەسۆر و شەقڵاوە لە ژینگەی گوندنشیندا ڕێژەی بێکاریيان (٧,٤٪ بۆ ٩,٦٪) بەرزترە وەک لە ژینگەی شارنشینەکانیان، ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە "بێکاریی پەراوێزەکان" لە پارێزگای هەولێردا زیاتر لە ژینگەی گوندنشیندایە، لە کاتێکدا بێکاریی ناوەند لە ژینگەی

شارنشیندا چڕبووەتەوە. ئەم دابەشبوونە هاوتا نییە، جەخت لەسەر پێویستیی دارشتنی پلانی جیاواز بۆ چاکسازیی بازاڕی کار لە نێوان (ناوەندی شار و گوندەکانی دەوروبەر) دەکاتەوە.

**تەوەری دووەم: پێکهاتەی دیمۆگرافیی بێکاران**

شیکردنەوەی پێکهاتەی دیمۆگرافیی بێکاران یەکێکە لە ڕەهەندە جەوهەرییەکانی جوگرافیای دانیشتووان، چونکە ئەم تەوەرە تەنها لە ڕووی چەندایەتییەوە لە دیاردەی بێکاری ناکۆڵێتەوە، بەڵکو دەچێتە ناو وردەکارییەکانی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کەسیی ئەو هێزە کارەی کە لە دەرەوەی بازنەی بەرهەمهێنان ماونەتەوە. لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتە دیمۆگرافییەکان وەک (تەمەن، ڕەگەز، و باری خێزانی)، وێنەیەکی ڕوون دەداتە توێژەر بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارلێکی نێوان (تایبەتمەندییە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان) لەگەڵ (داواکارییەکانی بازاڕی کار) لە پارێزگای هەولێردا. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی ئەو گروپە دانیشتووانەی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتیە و ڕووبەڕووی پەراوێزخرانی ئابووری بووینەتەوە.

لە ڕوانگەی جوگرافییەوە، پێکهاتەی دیمۆگرافی ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بەسەر کۆمەڵگەی پارێزگای هەولێردا هاتیە، بەتایبەت لە ژێر کاریگەریی گەشەی سروشتیی دانیشتووان و هەڵکشانی تەمەندا، کە وایکردووە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان بێنە ناو بازاڕی کارەوە بەبێ ئەوەی دەرفەتی یەکسانیان بۆ بڕەخسێت. جگە لەوەش، ڕەهەندی ڕەگەز و باری خێزانی و قەبارەی خێزان، فاکتەری یەکلاکەرەوەن لە دیاریکردنی ئاستی فشاری ئابووری لەسەر خێزانەکان. لێرەوە، ئەم تەوەرە هەوڵ دەداتن لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتاکانەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا بێکاری لە هەولێردا خەسڵەتێکی گەنجانەی هەیە یان پیرانە؟ و تا چەند جیاوازییە ڕەگەزییەکان و بەرپرسیارێتییە خێزانییەکان ڕۆڵ دەگێڕن لە دوورخستنەوەی تاکەکان لە بازاڕی کار؟ گەیشتن بەم ئەنجامانە بنەمایەکی زانستیی بەهێز بۆ داڕێژەرانی سیاسەتی گەشەپێدان دابین دەکاتن تا بتوانن ستراتیژییەتی تایبەت بۆ هەر گروپێکی تەمەنی و ڕەگەزی دابڕێژن، بە مەبەستی کەمکردنەوەی جیاکاری و ڕەخساندنی هەلی کاری دادپەروەرانە.

**٢-١- پێکهاتەی تەمەنی بێکاران**

تەمەن وەک یەکێک لە خەسڵەتە بایۆلۆژی و دیمۆگرافییە هەرە گرنگەکان، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە دیاریکردنی قەبارە و سروشتی هێزی کار و دابەشبوونی بێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەگێڕێت. لە ڕووی تیۆرییەوە، پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان قۆناغەکانی تەمەن و ئەگەری بێکاربووندا هەیە، بە جۆرێک کە گروپە تەمەنییە گەنجەکان (بە تایبەت تەمەنی ١٥-٢٩ ساڵ) وەک هەستیارترین چین و توێژ لە بازاڕی کاردا دەردەکەون. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار، لەوانە: کەمیی ئەزموونی پیشەیی، گۆڕانی قۆناغی ژیان لە خوێندنەوە بۆ بازاڕی کار، و زۆریی ڕێژەی هاتنی گەنجان بۆ ناو هێزی کار کە پترە لە توانای ڕەخساندنی هەلی کار لەلایەن دەوڵەت و کەرتی تایبەتەوە (یوسف، ٢٠٢٥: ٤٠). لێرەوە، شیکردنەوەی پێکهاتەی تەمەنی بێکاران تەنها نیشاندانی ژمارە نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی ئەو قۆناغە تەمەنییانەیە کە زۆرترین هێزی بەرهەمهێنیان تێدا بەفیڕۆ دەچێت و دەبنە بارگرانی لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا.

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی مەیدانی بۆ پێکهاتەی تەمەنی بێکاران لە پارێزگای هەولێر (وەك لە خشتەی (٣-٤) و شێوەی (٣-١) بەدەرکەوتیە، ڕاستییەکی دیمۆگرافیی مەترسیدار

دەردەخەن کە ئەویش (گەنجی دیاردەی بێکارییە، بەجۆرێک زۆرینەی هەرە زۆری بێکاران لە ناو گرووپی تەمەنە گەنجەکاندا چڕبوونەتەوە. وەک لە سۆنگەی کۆی گشتی پارێزگاکەدا دەردەکەوێت، گرووپی تەمەنی (٢٥-٣٤) ساڵ بە ڕێژەی (٤٨,٢٪) لە پلەی یەکەم و گرووپی (١٥-٢٤) ساڵ بە ڕێژەی (٣٧,٨٪) لە پلەی دووەمدایە. ئەمەش بەو مانایەیە کە (٨٦٪)ی کۆی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە خوار (٣٥) ساڵییەوەیە، کە ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بوونی فشارێکی توندی دیمۆگرافی لەسەر بازاڕی کار و بێتوانایی کەرتە ئابوورییەکان لە هەڵمژینی ئەو هێزە کارە گەنجەی کە ساڵانە لە ناوەندەکانی خوێندن دەر دەچن.

خشتەی (٣-٤): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن و قەزایەکانی پارێزگای هەولێر

| قەزایەکان | ١٥-٢٤ ساڵ (ژمارە / %) | ٢٥-٣٤ ساڵ (ژمارە / %) | ٣٥-٤٤ ساڵ (ژمارە / %) | ٤٥-٥٤ ساڵ (ژمارە / %) | ٥٥-٦٤ ساڵ (ژمارە / %) | کۆی گشتی (ژمارە / %) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٧٢ (٢٨,٠٪) | ١١٠ (٤٢,٨٪) | ٥٨ (٢٢,٦٪) | ١٢ (٤,٧٪) | ٥ (١,٩٪) | ٢٥٧ (١٠٠٪) |
| مەخموور | ٤٥ (٤٢,٥٪) | ٦١ (٥٧,٥٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ١٠٦ (١٠٠٪) |
| دەشتی هەولێر | ٣٣ (٥٢,٤٪) | ٣٠ (٤٧,٦٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٦٣ (١٠٠٪) |
| شەقڵاوە | ٢٤ (٤٧,١٪) | ٢٧ (٥٢,٩٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٥١ (١٠٠٪) |
| سۆران | ١٩ (٣٨,٠٪) | ٣١ (٦٢,٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٥٠ (١٠٠٪) |
| خەبات | ١٩ (٥٠,٠٪) | ١٩ (٥٠,٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٣٨ (١٠٠٪) |
| کۆیە | ١١ (٣٠,٦٪) | ١٤ (٩.٣٨٪) | ٦ (١٦,٧٪) | ٣ (٨,٣٪) | ٢ (٥,٦٪) | ٣٦ (١٠٠٪) |
| مێرگەسۆر | ١١ (٤٤,٠٪) | ١٤ (٥٦,٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٢٥ (١٠٠٪) |
| چۆمان | ٧ (٥٨,٣٪) | ٣ (٢٥,٠٪) | ١ (٨,٣٪) | ١ (٨,٣٪) | ٠ (٠٪) | ١٢ (١٠٠٪) |
| ڕەواندز | ٤ (٤٠,٠٪) | ٢ (٢٠,٠٪) | ٢ (٢٠,٠٪) | ٢ (٢٠,٠٪) | ٠ (٠٪) | ١٠ (١٠٠٪) |
| سیدەکان | ٣ (٣٧,٥٪) | ٥ (٦٢,٥٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٠ (٠٪) | ٨ (١٠٠٪) |
| سەرجەمی پارێزگا | ٢٤٨ (٣٧,٨٪) | ٣١٦ (٤٨,٢٪) | ٦٧ (١٠,٢٪) | ١٨ (٢,٧٪) | ٧ (١,١٪) | ٦٥٦ (١٠٠%) |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسیی مەیدانی).


لەسەر ئاستی دابەشبوونی شوێنی (قەزایەکان)، جیاوازییەکی بەرچاو لە تەمەنی بێکاراندا بەدی دەکرێتن. قەزای ناوەندی هەولێر، سەرەڕای ئەوەی گەورەترین ژمارەی بێکارانی تێدایە (٢٥٧ بێکار)، بەڵام دابەشبوونێکی تەمەنی فرەچەشن نیشان دەداتن، بە جۆرێک (٢٢,٦٪)ی بێکارانی ئەم قەزایە تەمەنیان لە نێوان (٣٥-٤٤) ساڵدایە، ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە لەسەر ئاستی پارێزگا بۆ ئەم گرووپە تەمەنییە. لە بەرانبەردا، قەزا دوورەدەست و شاخاوییەکان وەک چۆمان و دەشتی هەولێر، خاوەنی بەرزترین ڕێژەی بێکاریی گەنجانی هەرزەکار و سەرەتای گەنجێتی (١٥-٢٤ ساڵ)ن بە ڕێژەی (٥٨,٣٪) و (٥٢,٤٪) بە ڕیزبەندی، ئەمەش دەریدەخاتن کە لەم ناوچانەدا بێکاری ڕاستەوخۆ دوای قۆناغی خوێندن یان لە تەمەنێکی زۆر زووەوە دەست پێدەکات.

هەرچی قەزای مەخموورە، کە دووەم گەورەترین چڕبوونەوەی بێکاری تێدایە، زۆرترین بێکاریی تێدا لە گرووپی تەمەنی (٢٥-٣٤) ساڵدا تۆمارکراوە بە ڕێژەی (٥٧,٥٪). تێبینییەکی تری

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

گرنگ لە داتاکاندا، پاشەکشەی توندی دیاردەی بێکارییە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن، بە جۆرێک کە گرووپی تەمەنی (٥٥-٦٤) ساڵ تەنها (١,١٪)ی کۆی بێکارانی پارێزگاکە پێکدەهێنن و لە (٨) قەزای پارێزگاکەدا ئەم ڕێژەیە (٠٪)ە. ئەم دیاردەیە دەکرێت بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە: یەکەم، ئەزموونی پیشەیی کە یارمەتی کەسانی بەتەمەن دەدات لە کارەکانیان بمێننەوە، و دووەم، بێئۆمێدبوونی بێکارە بەتەمەنەکان لە گەڕان بەدوای کار و چوونە ناو بازنەی (بێکاریی شاراوە) یان خانەنشینیی کۆمەڵایەتی. بە کورتی، بێکاری لە هەولێر (بێکارییەکی گەنجانەیە) و قورساییەکەی لەسەر ئەو توێژەیە کە لە لوتکەی توانای بەرهەمهێنانی جەستەیی و زانستیدایە.

شێوەی (٣-١): بەراوردی دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن لە قەزایەکان




ی پارێزگای هەولێر

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣-٤).

## ٢-٢- پێکهاتەی ڕەگەزی بێکاران

پێکهاتەی ڕەگەزیی بێکاران یەکێکە لە نیشاندەرە دیمۆگرافییە هەرە گرنگەکان کە جیاوازییەکانی ئاستی بەشداریی ئابووری و دەرفەتەکانی کار لە نێوان نێر و مێدا نیشان دەداتن. لە ڕووی تیۆرییەوە، پسپۆڕانی جوگرافیای دانیشتووان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دیاردەی بێکاری

بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەردوو ڕەگەزدا دابەش نەبوونە، بەڵکو زۆربەی جار بەهۆی فاکتەرە کلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە، ئافرەتان ڕووبەڕووی بەربەستی زیاتر دەبنەوە لە گەیشتن بە بازاڕی کار، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی (بێکاریی ڕەگەزی). شیکردنەوەی ئەم پێکهاتەیە وێنەیەکی ڕوون دەداتە توێژەر لەسەر ئاستی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی هەلی کار و توانای بازاڕی کار لە هەڵمژینی هێزی کاری مێینە ( Newbold, 2014: 154). لێرەوە، تێگەیشتن لە جیاوازیی ڕێژەی بێکاری لە نێوان نێر و مێدا، تەنها نیشاندەرێکی ئاماری نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پێگەی ئابووریی ڕەگەزەکان و ئاستی گەشەپێدانی مرۆییە لە ناوچەی توێژینەوەکەدا.

شیکردنەوەی پێکهاتەی ڕەگەزیی بێکاران لە پارێزگای هەولێر، وەك لە خشتەی (٣-٥) وەدەرکەتیە، ئاماژە بە هەبوونی ناهاوسەنگییەکی ڕێژەیی دەکەن کە تێیدا ڕێژەی بێکاریی ئافرەتان بە (٥١,٤٪) لەسەر ئاستی گشتیی پارێزگا تێپەڕی کردووە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ پیاوان (٤٨,٦٪) بووە. ئەم لادانە بەرەو ڕەگەزی مێینە دەری دەخات کە بێکاری لە هەولێر تەنها گرفتێکی ئابووریی گشتی نییە، بەڵکو خاوەنی خەسڵەتێکی ڕەگەزییە کە پەیوەندی بە سنووردارێی توانای بازاڕی کارەوە هەیە لە هەڵمژینی هێزی کاری مێینە. لەسەر ئاستی دابەشبوونی شوێنی، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان بێکاریی ناوەند و پەراوێزدا دەبینرێتن، بە جۆرێک لە قەزای ناوەندی هەولێر و سۆران، بێکاریی پیاوان (٥١,٨٪ و ٥٤,٠٪) بەرزترە لە ئافرەتان، ئەمەش دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە ناوەندە شارنشینەکاندا پیاوان بە ڕێژەیەکی بەرزتر دێنە ناو بازاڕی کار و چالاکانە بەدوای کاردا دەگەڕێن، کە وایکردووە بێکارییەکەیان زیاتر وەک بێکاریی ئاشکرا دەربکەوێت.

خشتەی (٣-٥): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز لە قەزایەکان

| قەزایەکان | نێر (ژمارە / %) | مێ (ژمارە / %) | کۆی گشتی (ژمارە / %) |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٣٣ (٥١,٨٪) | ١٢٤ (٤٨,٢٪) | ٢٥٧ (١٠٠٪) |
| مەخموور | ٤٣ (٤٠,٦٪) | ٦٣ (٥٩,٤٪) | ١٠٦ (١٠٠٪) |
| دەشتی هەولێر | ٣٣ (٥٢,٤٪) | ٣٠ (٤٧,٦٪) | ٦٣ (١٠٠٪) |
| شەقڵاوە | ٢٥ (٤٩,٠٪) | ٢٦ (٥١,٠٪) | ٥١ (١٠٠٪) |
| سۆران | ٢٧ (٥٤,٠٪) | ٢٣ (٤٦,٠٪) | ٥٠ (١٠٠٪) |
| خەبات | ١٨ (٤٧,٤٪) | ٢٠ (٥٢,٦٪) | ٣٨ (١٠٠٪) |
| کۆیە | ١٧ (٤٧,٢٪) | ١٩ (٥٢,٨٪) | ٣٦ (١٠٠٪) |
| مێرگەسۆر | ٩ (٣٦,٠٪) | ١٦ (٦٤,٠٪) | ٢٥ (١٠٠٪) |
| چۆمان | ٦ (٥٠,٠٪) | ٦ (٥٠,٠٪) | ١٢ (١٠٠٪) |
| ڕەواندز | ٥ (٥٠,٠٪) | ٥ (٥٠,٠٪) | ١٠ (١٠٠٪) |
| سیدەکان | ٣ (٣٧,٥٪) | ٥ (٦٢,٥٪) | ٨ (١٠٠٪) |
| کۆی گشتیی پارێزگا | ٣١٩ (٤٨,٦٪) | ٣٣٧ (٥١,٤٪) | ٦٥٦ (١٠٠٪) |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسیی مەیدانی)

لە بەرانبەردا، داتاکانی پێکهاتەی ڕەگەزیی بێکاری لە قەزا دوورەدەستەکاندا بە تەواوی پێچەوانە دەبێتەوە، لە قەزاکانی وەک مێرگەسۆر (٦٤,٠٪)، سیدەکان (٦٢,٥٪) و مەخموور (٥٩,٤٪) زۆرینەی بێکاران لە ڕەگەزی مێینەن. ئەم جیاوازییە قووڵە ئاماژەیە بۆ چەندین فاکتەری جوگرافی و کۆمەڵایەتی، لەوانە: کەمیی هەلی کار کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئافرەتان لە ناوچە گوندنشینەکاندا بگونجێت، و بوونی بەربەستە کلتوورییەکان کە ڕێگرن لە هاتوچۆی ئافرەتان بۆ دەرەوەی قەزاکانیان بە مەبەستی کارکردن. هەروەها پاشەکشەی چالاکییە کشتوکاڵییەکان کە پێشتر بەشێکی گرنگی هێزی کاری مێینەی لەخۆ دەگرت، ئێستا زیاتر تەکنیك


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

و ئامێرەکانن، ئەمەش فشارێکی زیاتری خستووەتە سەر ئەم ڕەگەزە لە قەزایە دوورە دەست و کشتووکاڵییەکانی پارێزگای هەولێردا. بەمەش، پێکهاتەی ڕەگەزیی بێکاری لە هەولێر جۆرێک لە (مێینەبوونی بێکاری) لە ناوچە دوورەدەستەکان و (نێرینەبوونی بێکاری) لە ناوەندە شارنشینەکاندا وەدەر دەخاتن، کە ئەمەش پێویستی بە ستراتیژییەتی جیاوازی گەشەپێدان هەیە بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری دادپەروەرانە بۆ هەردوو ڕەگەز لە هەریەك لە دوو ئاستەدا.

### ٢-٣- باری خێزانی و قەبارەی خێزانی بێکاران

هەریەك لە باری خێزانی و قەبارەی خێزان دوو نیشاندەری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتیی گرنگن کە کارلێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دیاردەی بێکاریدا هەیە، چونکە ئاستی بەرپرسیارێتیی ئابووری و فشاری بژێوی لەسەر تاکەکان دیاری دەکەن. لە ڕووی تیۆرییەوە، باری خێزانی کاریگەریی دوولایەنەی هەیە، بە جۆرێک کە بێکاری لە ناو توێژی (سەڵت و گەنجان)دا زۆرتر وەک بێکاریی سەرەتایی یان گەڕان بەدوای یەکەم هەلی کاردا دەردەکەوێت، بەڵام بێکاری لە ناو (خێزاندارەکان)دا مەترسیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی قووڵتر دروست دەکات، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دابینکردنی بژێوی چەندین کەسی ترەوە هەیە. هاوکات، قەبارەی خێزان فاکتەرێکی سەرەکییە لە دیاریکردنی ڕێژەی پشتبەستن، بە جۆرێک هەرچی قەبارەی خێزان گەورەتر بێت و ژمارەی ئەندامانی بێکار تێیدا زیاد بکات، خێزانەکە زیاتر بەرەو هێڵی هەژاری دەچێت (الأيزرجاوي، ٢٠٢٠: ١٥٧). لێرەوە، شیکردنەوەی ئەم دوو خەسڵەتە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بێکاری تا چەند کاریگەریی توندی لەسەر سەقامگیریی خێزانی و کوالێتیی ژیانی دانیشتووان هەیە لە ناوچەی توێژینەوەکەدا.

ئەوەی تایبەتە بە باری خێزانیی بێکارانی پارێزگای هەولێرە لە خشتەی (٣-٦) وەدەرخرایە، ئەنجامەکانی شیکردنەوەی مەیدانی بۆ باری خێزانیی بێکاران لە پارێزگای هەولێر، ڕاستییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیاوازمان بۆ دەخەنە ڕوو کە پێچەوانەی زۆربەی گشتاندنە باوەکانە؛ بە جۆرێک کە بێکاری لەم پارێزگایەدا بە ڕێژەیەکی بەرز لە ناو توێژی خێزاندارەکاندا چڕبووەتەوە. وەک لە سۆنگەی کۆی گشتی پارێزگاکەدا دەردەکەوێت، بێکارانی خێزاندار بە ڕێژەی (٧٨,٨٪) لە پلەی یەکەمدان، لە کاتێکدا بێکارانی سەڵت تەنها (١٣,٩٪)ی کۆی نموونەکە پێکدەهێنن. ئەمە ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ بەرزبوونەوەی باری پشتبەستنی ئابووری لە ناو خێزانەکانی هەولێردا، چونکە بێکاریی کەسێکی خێزاندار تەنها کێشەی تاک نییە، بەڵکو بە واتای بێبەشبوونی یەکەیەکی خێزانییە لە داهاتی جێگیر، کە ئەمەش فشارە داراییی و دەروونییەکان لەسەر کۆمەڵگە دووقات دەکاتەوە.

خشتەی (٣-٦): باری خێزانی بێکارانی پارێزگای هەولێر بەپێی قەزایەکان


| قەزایەکان | سەڵت (ژمارە/٪) | خێزاندار (ژمارە/٪) | جیابووه (ژمارە/٪) | هاوسەرمردوو (ژمارە/٪) | کۆی گشتی قەزا (ژمارە / ٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٥٦ (٢١,٨٪) | ١٧٨ (٦٩,٣٪) | ١٦ (٦,٢٪) | ٧ (٢,٧٪) | ٢٥٧ (٣٩,٢٪) |
| ڕواندز | ٢ (٢٠,٠٪) | ٨ (٨٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ١٠ (١,٥٪) |
| کۆیه | ٨ (٢٢,٢٪) | ٢٦ (٧٢,٢٪) | ١ (٢,٨٪) | ١ (٢,٨٪) | ٣٦ (٥,٥٪) |
| چۆمان | ٢ (١٦,٧٪) | ١٠ (٨٣,٣٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ١٢ (١,٨٪) |
| خەبات | ٤ (١٠,٥٪) | ٣١ (٨١,٦٪) | ٣ (٧,٩٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٣٨ (٥,٨٪) |
| دەشتی هەولێر | ٦ (٩,٥٪) | ٥٢ (٨٢,٥٪) | ٥ (٧,٩٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٦٣ (٩,٦٪) |
| سۆران | ٦ (١٢,٠٪) | ٤٢ (٨٤,٠٪) | ١ (٢,٠٪) | ١ (٢,٠٪) | ٥٠ (٧,٦٪) |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەقڵاوە | ٢ (٣,٩٪) | ٤٧ (٩٢,٢٪) | ٢ (٣,٩٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٥١ (٧,٨٪) |
| مەخموور | ٤ (٣,٨٪) | ٩١ (٨.٨٥٪) | ٨ (٧,٥٪) | ٣ (٢,٨٪) | ١٠٦ (١٦,٢٪) |
| مێرگەسۆر | ١ (٤,٠٪) | ٢٤ (٩٦,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٢٥ (٣,٨٪) |
| سیدەکان | ٠ (٠,٠٪) | ٨ (١٠٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٨ (١,٢٪) |
| سەرجەمی پارێزگا | ٩١ (١٣,٩٪) | ٥١٧ (٧٨,٨٪) | ٣٦ (٥,٥٪) | ١٢ (١,٨٪) | ٦٥٦ (١٠٠%) |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسی مەیدانی)

لەسەر ئاستی دابەشبوونی شوێنی (قەزاکان)، تێبینی دەکرێت کە هەرچی بەرەو قەزا دوورەدەست و پەراوێزخراوەکان بڕۆین، ڕێژەی بێکاری لە ناو خێزاندارەکاندا بەرزتر دەبێتەوە. لوتکەی ئەم دیاردەیە لە قەزای سیدەکان تۆمار کراوە کە تێیدا (١٠٠٪)ی بێکارانی نموونەکە خێزاندارن، پاشان قەزاکانی مێرگەسۆر (٩٦,٠٪) و شەقڵاوە (٩٢,٢٪) دێن. ئەمە دەکرێت بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە، لەوانە: زوویی تەمەنی هاوسەرگیری لە ناوچە گوندنشینەکان، و پاشەکشەی چالاکییە کشتوکاڵییەکان کە پێشتر سەرچاوەی بژێوی سەرەکیی سەرۆک خێزانەکان بووە. لە بەرانبەردا، قەزای ناوەندی هەولێر نزمترین ڕێژەی بێکاریی خێزانداری تێدا تۆمار کراوە (٦٩,٣٪)، و بەرزترین ڕێژەی بێکاریی سەڵتەکانی تێدایە (٢١,٨٪)، کە ئەمەش خەسڵەتێکی دیاری بێکاریی ناوەندە شارنشینەکانە، بەهۆی ئەوەی گەنجانی سەڵت لە شاردا زیاتر سەرقاڵی خوێندنن یان بەهۆی تێچووی بەرزی ژیانەوە هاوسەرگیرییان دواخستیە.

شێوەی (٣-٢): جیاکاریی باری خێزانی بێکارانی پارێزگای هەولێر بەپێی قەزایەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بەگوێرەی خشتەی (٣-٦).

هەرچی توێژی (جیابووەوەکان و هاوسەرمردووکان)ە، پێکەوە تەنها (٧,٣٪)ی بێکارانی پارێزگاکە پێکدەهێنن، کە زۆربەیان لە قەزای ناوەندی هەولێر و مەخموور چڕبوونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، پێکهاتەی باری خێزانیی بێکارانی هەولێر دەری دەخات کە دیاردەکە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە (سەقامگیریی بژێوی خێزان) دەکاتن، و بێکاریی لە ناوەندی شاردا زیاتر ڕووی لە گەنجانی سەڵتە، بەڵام لە پەراوێز و قەزایەکانی تردا، قورساییەکی گەورەی خستووەتە سەر شانی سەرۆک خێزانەکان، کە ئەمەش پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جدیی دەسەڵاتی پلاندانان هەیە بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆ ئەو توێژەی بەرپرسیارێتیی خێزانییان لە ئەستۆدایە.

**تەوەری سێیەم: خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان**

لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی بێکاران، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پرۆسەی شیکردنەوەی جوگرافیی دانیشتوواندا دروستدەکات، چونکە لێرەدا توێژەر لە

خەسڵەتە بایۆلۆژییە سروشتییەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ خەسڵەتە بەدەستهێنراوەکان، کە بەرهەمی کارلێکی مرۆڤن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری. ئەم تەوەرەیە وەک بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە سەرمایەی مرۆیی لە پارێزگای هەولێردا گرنگە، بەوپێیەی بێکاری تەنها دیاردەیەکی ژمارەیی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاستی بێبەشبوون لە لێهاتوویی و دەرفەتە زانستییەکانەوە هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، ئاستی خوێندن و خوێندەواری وەک یەکەمین نیشاندەر شیکار دەکرێت، تاوەکو قەبارەی بێکاریی خاوەن بڕوانامەکان لە بەرانبەر بێکاریی نەخوێندەواراندا دەربکەوێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، جۆری پسپۆڕیی زانستی ڕەهەندێکی گرنگ دەداتە توێژینەوەکە، چونکە نیشانی دەدات کە ئایا بێکاری لە هەولێردا خەسڵەتێکی (مرۆیی، زانستی، یان پیشەیی) هەیە؟ جگە لەمانەش، فاکتەری ڕەسەنایەتیی جوگرافی و خەسڵەتی کۆچبەری، پێگەیەکی جوگرافیی گرنگی لەم بەشەدا هەیە، بەوپێیەی پارێزگای هەولێر وەک چەقێکی ڕاکێشانی دانیشتووان، تێکەڵەیەکی لە بێکارانی (ڕەسەن، کۆچبەر، و ئاوارە) تێدا کۆبووەتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر شێوازی دابەشبوونی شوێنی و کێبڕکێ لەسەر هەلی کار دروست کردووە.

**١-٣- ئاستی خوێندن و خێندەواری**

ئاستی خوێندن و خوێندەواری یەکێکە لە نیشاندەرە هەرە بنەڕەتییەکان لە دیاریکردنی پێگەی تاک لە بازاڕی کاردا، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە لێهاتوویی و توانای کێبڕکێکردن بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار. لە ڕووی تیۆرییەوە، بڕوانامە وەک کەرەستەی سەرەکیی سەرمایەی مرۆیی سەیر دەکرێت کە چاوەڕوان دەکرێت ئەگەری بێکاربوون کەم بکاتەوە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی تازەگەشەکردوودا بەهۆی بێتوانایی کەرتی تایبەت لە هەڵمژینی دەرچووان، دیاردەی بێکاریی خاوەن بڕوانامەکان وەک کێشەیەکی دیمۆگرافیی قووڵ سەرهەڵدەداتن (یوسف، ٢٠٢٥: ٥٥). لێرەوە، شیکردنەوەی پێکهاتەی خوێندەواریی بێکاران ڕێگە بە توێژەر دەداتن لە کوالێتیی ئەو هێزە کارە بکۆڵێتەوە کە لە دەرەوەی بازنەی بەرهەمهێناندا بەفیڕۆ دەچێتن.

داتاکانی خشتەی (٣-٧) بۆ پێکهاتەی خوێندەواریی بێکاران لە پارێزگای هەولێر، ڕاستییەکی مەترسیدار دەردەخەن کە ئەویش زاڵبوونی دیاردەی بێکاریی خاوەن بڕوانامەکانە، بە جۆرێک کە هەرچی ئاستی خوێندن بەرەو زانکۆیی بەرز بێتەوە، قەبارەی بێکاری توندتر دەبێتن. وەک لە داتاکانی خشتەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بێکارانی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە ڕێژەی (٢٩,٧٪) لە پلەی یەکەم و خاوەن بڕوانامەی دبلۆم بە ڕێژەی (٢٩,٣٪) لە پلەی دووەمدایە. ئەمەش بەو مانایەیە کە تەنها ئەم دوو ئاستە ئەکادیمییە (٥٩٪)ی کۆی گشتی بێکارانی پارێزگاکە پێکدەهێنن. ئەم چڕبوونەوەیە ئاماژەیەکی گەلەك ڕوونە لە بۆ هەبوونی ناهاوسەنگیی بونیادی لە نێوان دەرهاویشتە زانستییەکانی زانکۆکان و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی بازاڕی کار لە هەولێردا، کە وایکردووە بڕوانامە لە جیاتی ئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ کار، ببێتە هۆکارێک بۆ مانەوە لە ڕیزی بێکاراندا.

لەسەر ئاستی ماماوەندی خوێندن، بێکارانی خاوەن بڕوانامەی ئامادەیی بە ڕێژەی (١٥,٤٪) لە پلەی سێیەمدا دێن، کە ئەمەش قۆناغی تێپەڕین بەرەو خوێندنی زانکۆیی نیشان دەداتن. لە بەرانبەردا، تێبینی دەکرێت کە ڕێژەی بێکاری لە ناو نەخوێندەواراندا یەکجار نزمە و تەنها (٣,٢٪)ە، هەروەها بۆ ئاستەکانی وەک بنەڕەتی (٦,٧٪) و ناوەندی (٨,٧٪) ڕێژەیەکی کەمیان تۆمار کردووە. ئەم دیاردەیە دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەم توێژە بەهۆی نەبوونی

بڕوانامەوە، ئارەزووی کارکردن لە هەموو بوارە دەستی و سادەکاندا دەکەن (وەک بیناسازی و خزمەتگوزاری)، کە ئەم جۆرە کارانە لە پارێزگای هەولێردا دەرفەتی زیاتریان بۆ دەرەخسێت بەراورد بەو کارە کارگێڕی و تەکنیکیانەی کە دەرچووانی زانکۆ داوای دەکەن.

خشتەی (٣-٧): ئاستی خوێندن و پێکهاتەی خوێندەواریی بێکارانی نموونە لە پارێزگای هەولێر

| ئاستی خوێندن | ژمارەی بێکار (دووبارەبوونەوە) | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢١ | ٣,٢٪ |
| دەخوێنێتەوە و دەنووسێت | ٣٣ | ٥,٠٪ |
| بنەڕەتی | ٤٤ | ٦,٧٪ |
| ناوەندی | ٥٧ | ٨,٧٪ |
| ئامادەیی | ١٠١ | ١٥,٤٪ |
| دبلۆم | ١٩٢ | ٢٩,٣٪ |
| بەکالۆریۆس | ١٩٥ | ٢٩,٧٪ |
| ماستەر | ١٠ | ١,٥٪ |
| دکتۆرا | ٣ | ٠,٥٪ |
| **کۆی گشتی پارێزگا** | **٦٥٦** | **١٠٠%** |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسی مەیدانی)

لە دیوێکی ترەوە، داتاکان نیشانی دەدەن کە هەرچی ئاستی زانستی بگاتە لوتکەی پسپۆڕی، ڕێژەی بێکاری بەرەو کەمبوونەوەی توند دەچێت، بە جۆرێک بێکارانی خاوەن بڕوانامەی ماستەر تەنها (١,٥٪) و دکتۆرا (٠,٥٪) پێکدەهێنن. ئەمە دەیسەلمێنێت کە خوێندنی باڵا لە پارێزگای هەولێردا هێشتا وەک پارێزبەندێک کار دەکات لە دژی بێکاری و خاوەن پسپۆڕییە دەگمەنەکان کەمتر ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە دەبنەوە. بە کۆی گشتی، پێکهاتەی خوێندەواریی بێکارانی هەولێر نیشانی دەداتن کە گرفتەکە لە نەخوێندەواریدا نییە، بەڵکو لە بێتوانایی بازاڕی کاردایە بۆ سوودوەرگرتن لەو سەرمایە مرۆییە ئەکادیمییەی کە ساڵانە لە ناوەندەکانی خوێندن بەرهەم دێتن.

لە خشتەی (٣-٨) وەدەردەکەوێتن، کە زۆرینەی بێکارانی هەولێر لە (ئاستی زانکۆیی)دان بە ڕێژەی (٥٩٪)، ئەمەش گەورەترین چڕبوونەوەیە و ئاماژەیە بۆ زاڵبوونی دیاردەی بێکاریی خاوەن بڕوانامەکان. لە کاتێکدا ئاستی پێش زانکۆ (٣٩٪)ی بێکارانی پێکدەهێنێتن. لە بەرانبەردا، ڕێژەی بێکاری لە ئاستی خوێندنی باڵادا تەنها (٢٪)ە.

خشتەی (٣-٨): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە لە پارێزگای هەولێر بەپێی سێ ئاستە سەرەکییەکانی خێندن

| ئاستی خوێندن | پێکهاتەی ئاستەکان | ژمارە | ڕێژی % |
|---|---|---|---|
| ئاستی پێش زانکۆ | نەخوێندەوار، دەخوێنێتەوە، بنەڕەتی، ناوەندی، ئامادەیی | ٢٥٦ | ٣٩,٠٪ |
| ئاستی زانکۆیی | دبلۆم و بەکالۆریۆس | ٣٨٧ | ٥٩,٠٪ |
| خوێندنی باڵا | ماستەر و دکتۆرا | ١٣ | ٢,٠٪ |
| کۆی گشتی | | ٦٥٦ | ١٠٠% |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسی مەیدانی)

بێگومان هەموو ئەم لایەنانەی داتای ئاستی خوێندەواریی بێکاران دەیسەلمێنێت بەرزبوونەوەی پلەی زانستی وەک پارێزبەندێکی ئەکادیمی کار دەکات و ئەگەری بێکاربوون کەم دەکاتەوە. کۆی داتاکان نیشانەی ناگونجانی بەرهەمی زانکۆییە لەگەڵ پێداویستییە ڕاستەقینەکانی بازاڕی کار لە پارێزگاکەدا.

## ٣-٢- جۆری پسپۆڕی بێکاران

پسپۆڕیی زانستیی بێکاران یەکێکە لەو ڕەهەندە سەرەکییانەی کە شوناسی بازاڕی کار و ئاستی گەشەپێدانی مرۆیی دیاری دەکاتن. لە ڕووی تیۆرییەوە، بێکاری تەنها بەهۆی کەمی دەرفەتی کارەوە نابێتن، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە جۆری ئەو بڕوانامە و پسپۆڕییانەوە دیبێتن کە تاکەکان لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا بەدەستی دەهێنن. لەم سۆنگەیەوە، جەخت لەسەر دیاردەی (نەگونجانی پسپۆڕی) دەکرێتەوە، کە تێیدا دەرهاویشتە زانستییەکان لەگەڵ پێداویستییە ڕاستەقینەکانی کەرتی وەبەرهێنان و بازاڕدا یەک ناگرنەوە (الحربي والشمري، ٢٠٢١: ٢١٣)، لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا، بەهۆی گەشەی خێرای دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و چڕبوونەوەی خوێندکاران لە پسپۆڕییە (مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا)، جۆرێک لە تێربوونی وەزیفی لە کەرتی گشتیدا دروست بووە، کە وایکردووە ساڵانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دەرچووانی ئەم بوارانە بێنە ناو ڕیزی بێکارانەوە، بەبێ ئەوەی کەرتی تایبەت بتوانێت لەخۆیان بگرێتن، چونکە بازاڕی کاری ئێستا زیاتر پێویستی بە پسپۆڕییە تەکنیکی و پیشەییەکان هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا، شیکردنەوەی جۆری پسپۆڕی بێکاران لە پارێزگای هەولێر ڕەهەندێکی شوێنیی گرنگ بە توێژینەوەکە دەبەخشێت؛ چونکە نیشانی دەدات کە چۆن دابەشبوونی پسپۆڕییەکان کاریگەرییان لەسەر چڕیی بێکاری لە ناوەندە شارنشینەکاندا هەیە. لێکۆڵینەوە لەم خەسڵەتە یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پسپۆڕییانەی کە زۆرترین فشار دەخەنە سەر بازاڕی کار. ئەم جۆرە بێکارییە بە (بێکاریی بونیادی) دادەنرێت، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا نەیتوانیوە هاوسەنگی لە نێوان پسپۆڕییە تیۆری و پراکتیکییەکاندا دروست بکات. لێرەوە، تێگەیشتن لە پێکهاتەی پسپۆڕیی بێکارانی هەولێر بنەمایەکی زانستیی گرنگە بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی دامەزراندن و گونجاندنی بڕوانامە زانستییەکان لەگەڵ واقیعی ئابووریی پارێزگاکەدا، تاوەکو بتوانرێت بڕوانامە لە بارگرانییەکەوە بکرێتە کەرەستەیەکی بەرهەمهێن لە ناو پرۆسەی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

ئەنجامەکانی شیکردنەوەی مەیدانی بۆ پێکهاتەی پسپۆڕی بێکاران لە پارێزگای هەولێر، ڕاستییەکی ئابووری و پەروەردەیی گرنگمان بۆ دەردەخاتن، کە ئەویش بوونی کەلێنێکی پێکهاتەییە لە نێوان دەرهاویشتە ئەکادیمییەکان و پێداویستییەکانی بازاڕی کاردا. وەک لە داتاکانی خشتەی (٣-٩)دا ڕەنگی داوەتەوە، زۆرترین ڕێژەی بێکاری لە ناو ئەو توێژەدایە کە خاوەنی هیچ پسپۆڕییەکی ئەکادیمی نین بە ڕێژەی (٤٥,٧٪). ئەم چڕبوونەوەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بێکاری لە هەولێردا تا ڕادەیەکی زۆر خەسڵەتێکی پیشەیی سادەی وەرگرتیە، کە تێیدا ئەو هێزە کارەی ئاستی خێندنیان نزمە، کێبڕکێ لەسەر کارە دەستی و جەستەییەکان دەکەن لە کەرتەکانی بیناسازی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کە ئەم بوارانەش بەردەوام لە ژێر کاریگەریی هەڵبەز و دابەزی بارودۆخی ئابووریی پارێزگاکەدان.


خشتەی (٣-٩): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی جۆری پسپۆڕی زانستی لە پارێزگای هەولێر

| جۆری پسپۆڕی | ژمارەی بێکار (دووبارەبوونەوە) | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نییە (بێ پسپۆڕ) | ٣٠٠ | ٪٤٥,٧ |
| زانستی کۆمەڵایەتی | ١٥٠ | ٪٢٢,٩ |
| زانستی مرۆیی | ١٢٠ | ٪١٨,٣ |
| یاسا | ٤٥ | ٪٦,٨ |
| زانستی پەتی | ٢٦ | ٪٤,٠ |
| پیشەیی | ١٥ | ٪٢,٣ |
| **کۆی گشتی پارێزگا** | ٦٥٦ | ١٠٠% |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسی مەیدانی)

لەسەر ئاستی پسپۆڕییە ئەکادیمییەکان وەك لەشێوەی (٣-٣) بەدیاردەکەوێتن، داتاکان جەخت لە زاڵبوونی دیاردەی بێکاریی دەرچووانی زانستە تیۆرییەکان دەکەنەوە، بە جۆرێک کە پسپۆڕییەکانی زانستی مرۆیی بە ڕێژەی (٢٢,٩٪) و زانستی کۆمەڵایەتی بەرێژەی (١٨,٣٪) لەپلەکانی یەکەم و دووەمی بێکاریی خاوەن بڕوانامەکاندایە. ئەمە بەو مانایەیە کە نزیکەی (٤١٪)ی کۆی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە، دەرچووی ئەم دوو بوارەن. ئەم دیاردەیە دەری دەخاتن کە بازاڕی کاری هەولێر تووشی تێربوونی وەزیفی بووە لەم پسپۆڕییانەدا، چونکە کەرتی گشتی گەورەترین پشکی ئەم بوارانەی لەخۆگرتیە و چیتر توانای دامەزراندنی نوێی نابێتن، و کەرتی تایبەتیش بەهۆی سروشتی وەبەرهێنانەکانەوە، کەمتر بایەخ بەم جۆرە پسپۆڕییانە دەداتن.

شێوەی (٣-٣): بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی جۆری پسپۆڕی زانستی




سەرچاوە: خشتەی (٣-٩).

لە بەرانبەردا، تێبینی دەکرێتن کە هەرچی پسپۆڕییەکان بەرەو بوارە پراکتیکی و پیشەییەکان بڕۆن، ڕێژەی بێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتن، بە جۆرێک بێکارانی پسپۆڕیی یاسا تەنها (٦,٨٪) و زانستی پەتی (٤٪) تۆمار کراوە، و کەمترین ڕێژەش لە ناو پسپۆڕییە پیشەیی و تەکنیکییەکاندا بووە کە تەنها (٢,٣٪)ە. ئەم نزمبوونەوەیە دەیسەلمێنێت کە بازاڕی کاری هەولێر پێویستی زۆری بە لێهاتوویە تەکنیکی و زانستییە ڕاستەقینەکان هەیە، و دەرچووانی ئەم بوارانە یان بە ئاسانی کار دەدۆزنەوە یان توانای وکارکردنی سەربەخۆیان زیاترە.

بە کۆی گشتی، پێکهاتەی پسپۆڕیی بێکارانی هەولێر نیشانەی دیاردەی نەگونجانی پسپۆڕییە، چونکە زانکۆکان پسپۆڕیگەلێک بەرهەم دەهێنن کە بازاڕی کار پێویستی پێیان نییە، لە کاتێکدا ئەو بوارە پیشەییانەی بازاڕ داوایان دەکاتن، کەمترین ڕێژەی بێکارییان تێدایە.

## ٣-٣- ڕەسەنایەتیی جوگرافی (خەسڵەتی کۆچبەری)

ڕەسەنایەتیی جوگرافی و خەسڵەتی کۆچبەری ڕەهەندێکی سەرەکی لە جوگرافیای دانیشتووان و بازاڕی کار پێکدەهێنێتن، چونکە پەیوەندی نێوان ماوەی نیشتەجێبوون و ئەگەری دەستکەوتنی کار شیکار دەکات. لە ڕووی تیۆرییەوە، پسپۆڕانی جوگرافیای دانیشتووان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆربەی جار کۆچبەران و ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ناوچەی توێژینەوەکەوە هاتوون، ڕووبەڕووی ئاستێکی بەرزتر لە بێکاری دەبنەوە بەراورد بە دانیشتووانە ڕەسەنەکە، ئەمەش بەهۆی کەمبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان، کێشەی گونجاندن لەگەڵ ژینگەی نوێ، یان بوونی نەگونجانی شوێنی لە نێوان شوێنی نیشتەجێبوونی کۆچبەران و چەقی دەرفەتەکاندا. خەسڵەتی کۆچبەری نەک تەنها لە ڕووی ئامارییەوە ژمارەی بێکاران زیاد دەکات، بەڵکو دەبێتە هۆی گۆڕینی بونیادی پیشەیی لە ناوەندی شارەکاندا، بەتایبەت کاتێک ڕەوتی کۆچ بەرەو ناوچەیەک بێت کە بازاڕی کارەکەی تێربووە و توانای بەخۆگرتنی هێزی کاری نوێی نییە، کە ئەمەش فشارێکی توند دەخاتە سەر ژێرخانی ئابووری و دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی بێکاری لە ناو کۆچبەراندا ( Peters and Larkin, 2008: 234).

شیکردنەوەی ڕەسەنایەتیی جوگرافی بێکاران یەکێکە لە ڕەهەندە هەرە جەوهەرییەکان بۆ ناسینی شوناسی ڕاستەقینەی دیاردەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر؛ چونکە پەیوەندی نێوان مافی نیشتەجێبوون و دەرفەتی گەیشتن بە بازاڕی کار دەردەخاتن. ئەنجامە مەیدانییەکانی خشتەی (٣-١٠) ڕاستییەکی دیمۆگرافیی گرنگ دەردەخەن، کە ئەویش چڕبوونەوەی بێکارییە بە ڕێژەیەکی ڕەها لە ناو دانیشتووانی ڕەسەنی پارێزگایەکەدا، کە ژمارەیان (٦٤٣) بێکارە و ڕێژەی (٩٨٪)ی کۆی گشتی نموونەکە پێکدەهێنن. ئەم نیشاندەرە پێوانەییە ئەو تێڕوانینە گشتییە بەدرۆ دەخاتەوە کە بێکاری تەنها وەک دەرئەنجامی ڕەوتی کۆچ و هاتنی ئاوارەکان دەبینێت، بەڵکو دەیسەلمێنێت کە بێکاری لە هەولێردا دیاردەیەکی بونیادیی ناوخۆییە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سستیی بازاڕی کار و ناهاوسەنگیی نێوان گەشەی سروشتیی دانیشتووان و هەلی کارە بەردەستەکانەوە هەیە.

خشتەی (٣-١٠): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەسەنایەتیی جوگرافی (خەڵکی ڕەسەن، ئاوارە، کۆچبەر)

| قەزایەکان | ڕەسەن | ئاوارە | کۆچبەر | کۆی گشتی قەزا | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارە | ڕێژە % |
| هەولێر | ٢٥١ | ٥ | ١ | ٢٥٧ | ٪٣٩,٢ |
| مەخموور | ١٠٥ | ١ | ٠ | ١٠٦ | ٪١٦,٢ |
| دەشتی هەولێر | ٦١ | ٢ | ٠ | ٦٣ | ٪٩,٦ |
| شەقڵاوە | ٥١ | ٠ | ٠ | ٥١ | ٪٧,٨ |
| سۆران | ٥٠ | ٠ | ٠ | ٥٠ | ٪٧,٦ |
| خەبات | ٣٦ | ٢ | ٠ | ٣٨ | ٪٥,٨ |
| کۆیە | ٣٤ | ٢ | ٠ | ٣٦ | ٪٥,٥ |
| مێرگەسۆر | ٢٥ | ٠ | ٠ | ٢٥ | ٪٣,٨ |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ /العدد ٦

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| چۆمان | ١٢ | ٠ | ٠ | ١٢ | ٪١,٨ |
| ڕەواندز | ١٠ | ٠ | ٠ | ١٠ | ٪١,٥ |
| سیدەکان | ٨ | ٠ | ٠ | ٨ | ٪١,٢ |
| **کۆی گشتی** | **٦٤٣ (٪٩٨,٠)** | **١٢ (٪١,٨)** | **١ (٪٠,٢)** | **٦٥٦** | **%١٠٠** |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسیی مەیدانی)


لەسەر ئاستی دابەشبوونی شوێنی، قەزای ناوەندی هەولێر گەورەترین قورسایی بێکاریی تێدا تۆمار کرایە بە ڕێژەی (٪٣٩,٢)، کە تێیدا بێکارانی هەر سێ گرووپەکە (ڕەسەن، ئاوارە، کۆچبەر) کۆبوونەتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ جوگرافیای ڕاکێشانی ناوەندی پارێزگا وەک جەمسەرێکی سیاسی و ئیداری کە بێکاران لە هەموو ڕەسەنایەتییە جوگرافییە جیاوازەکانەوە بەرەو خۆی ڕادەکێشێتن. قەزای مەخمووریش بە ڕێژەی (٪١٦,٢) لە پلەی دووەمی بێکارانی ڕەسەندا دێتن، کە نیشانەی قووڵیی قەیرانی بێکارییە لەو ناوچە پەراوێزخراوانەی کە دانیشتووانە ڕەسەنەکەی دەرفەتی گەشەپێدانیان بۆ نەڕەخساوە. هەرچی بێکارانی ئاوارە (٪١,٨) و کۆچبەران (٪٠,٢)ە، ڕێژەیەکی زۆر نزمیان تۆمار کردووە، ئەمەش دەکرێت بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە: یەکەم، کۆچبەر و ئاوارەکان بەهۆی باری نالەباری داراییانەوە ناچارن لە کەرتی نافەرمی و کارە سادەکاندا جێگەی خۆیان بکەنەوە، لە کاتێکدا دانیشتووانی ڕەسەن زیاتر لە چاوەڕوانیی هەلی کاری گونجاوی حکومی یان فەرمیدا بە بێکاری دەمێننەوە. دووەم، سەرکەوتنی پرۆسەی گونجاندنی هەندێک لە کۆچبەران لەگەڵ بازاڕی کاری هەولێر. بە کۆی گشتی، ئەم پێکهاتەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بێکاری لە پارێزگای هەولێر فشارێکی توندی خستووەتە سەر دانیشتووانی جێگیر و ڕەسەن، کە ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەخاتە سەر شانی پلاندانەرانی ئابووری بۆ چاکسازیی بونیادی لە بازاڕی کاردا بە ئاراستەی پاراستنی هێزی کاری ناوخۆیی.

دەرئەنجامەکانی شێوەی (٣-٤) ئاماژە بە جیاوازییەکی ڕوونی شوێنی و دیمۆگرافی دەدەن لە دابەشبوونی بێکاری لە پارێزگای هەولێر، کە تێیدا بێکارانی ڕەسەن (بە ڕەنگی شین) زاڵبوونی ڕەهایان هەیە لە تەواوی یەکە کارگێڕییەکاندا. قەزای ناوەندی هەولێر وەک جەمسەری سەرەکیی چڕبوونەوەی بێکارانی ڕەسەن دەردەکەوێتن، کە ئەمەش دەیسەلمێنێت بێکاری لە پارێزگاکەدا دیاردەیەکی ناوخۆییە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بونیادی ئابووریی دانیشتووانە جێگیرەکەوە. لە بەرانبەردا، بێکارانی ئاوارە و کۆچبەر پشکی هەرە کەمی گرافیکەکەیان بەرکەوتووە و تەنها لە ناوەندە شارنشینەکان و قەزا نزیکەکاندا دەبینرێن. ئەم ئاراستە جوگرافیایە دەری دەخاتن کە فشاری بێکاری لە هەولێر لەسەر شانی خەڵکی ڕەسەنە، و گروپە کۆچبەرەکان کەمترین کاریگەرییان لەسەر قەبارەی گشتیی ئەم دیاردەیە لە پارێزگاکەدا هەبووە.

شێوەی: (٣-٤): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەسەنایەتیی جوگرافی و قەزاکانی پارێزگای هەولێر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)




سەرچاوە: خشتەی (٣-١٠).

**تەوەری چوارەم: خەسڵەتە ئابوورییەکان و ماوەی بێکاری**

شیکردنەوەی خەسڵەتە ئابوورییەکان و ڕەهەندی کاتیی بێکاری، قۆناغی گواستنەوەی توێژینەوەکەیە لە ناسینی شوناسی بێکارانەوە بۆ تێگەیشتن لە ئاسەوارە ماددی و بژێوییەکانی ئەم دیاردەیە لە پارێزگای هەولێردا. لێرەدا بێکاری تەنها وەک ژمارەیەکی دیموگرافی نابینرێت، بەڵکو وەک فشارێکی ئابووریی ڕاستەقینە شیکار دەکرێت کە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر کوالێتیی ژیانی تاک و خێزان. ئەم تەوەرەیە هەوڵ دەدات وێنەیەکی ورد لەسەر باری داراییی بێکاران بکێشێت، بەوپێیەی ئاستی داهاتی مانگانەی خێزان وەک نیشاندەرێکی سەرەکی کار دەکات بۆ پێوانەکردنی قەبارەی ئەو مەترسییەی کە بێکاری لەسەر ئاسایشی خۆراک و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکەدا دروستی دەکات.

لەم سۆنگەیەوە، لێکۆڵینەوە لە داهاتی مانگانەی خێزان ڕێگە بە توێژەر دەدات کە ئاستی هەژاری و پشتبەستنی ئابووری لە ناو خێزانە بێکارەکاندا دەستنیشان بکات. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا، شیکردنەوەی بوارەکانی کارکردن ڕەهەندێکی پێکهاتەیی دەداتە بابەتەکە، چونکە نیشانی دەدات کە ئایا بێکارانی هەولێر لە کام کەرتە ئابوورییەکاندا (وەک حکومی، پیشەسازی، یان خزمەتگوزاری) پاشەکشەیان کردووە یان کێبڕکێ دەکەن؟ جگە لەمانەش، فاکتەری ماوەی بێکاری بایەخێکی ستراتیژیی هەیە؛ چونکە جیاکاری دەکات لە نێوان (بێکاریی کاتی و بێکاریی درێژخایەن). هەرچی ماوەی بێکاری درێژتر بێت، ئاستی داخورانی لێهاتوویی و بێ ئومێدیی تاکەکان زیاتر دەبێت، کە ئەمەش فشارێکی توند دەخاتە سەر بازاڕی کار و تێچووی کۆمەڵایەتیی بێکاری لە پارێزگای هەولێردا بەرز دەکاتەوە. کۆی ئەم شیکردنەوانە بنەمایەکی زانستی دابین دەکەن بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن بێکاری لە بارودۆخێکی ئابوورییەوە دەگۆڕێت بۆ قەیرانێکی گشتگیری بژێوی، کە پێویستی بە چارەسەری بونیادی و خێرا هەیە.

**٤-١- داهاتی مانگانەی خێزانی بێکاران**

داهاتی مانگانەی خێزان وەک یەکێک لە گرنگترین نیشاندەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان سەیر دەکرێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی خۆشگوزەرانی و توانای دارایی دانیشتووان، چونکە دیاردەی بێکاری بە تەنها زیان بە تاک ناگەیەنێت، بەڵکو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بونیادی دارایی خێزان وەک یەکەیەکی سەرەکیی کۆمەڵگە دەبێت. لە ڕووی تیۆرییەوە، داهاتی خێزان پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ ڕێژەی بێکاریدا هەیە، بەوپێیەی زیادبوونی ژمارەی بێکاران لە ناو یەکەیەکی خێزانیدا دەبێتە هۆی دابەزینی داهاتی تێکڕای تاک و بەرزبوونەوەی باری پشتبەستنی ئابووری لە ناو خێزاندا. پسپۆڕانی دیمۆگرافیا جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئاستی داهات نیشاندەرێکی ڕوونە بۆ دیاریکردنی ئاسایشی ئابووری، چونکە ئەو خێزانانەی کە ئەندامەکانیان بێکارن، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی داهاتی جێگیرەوە، ڕووبەڕووی مەترسیی هەژاریی بونیادی و دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە (Weeks, 2015: 435).

جگە لەوەش، لە ڕوانگەی جوگرافیای دانیشتووانەوە، داهاتی مانگانەی خێزان وەک پێوەرێک بۆ کوالێتیی ژیان و ئاستی گەشەپێدانی مرۆیی سەیر دەکرێتن. شیکردنەوەی داهات نیشانی دەدات کە چۆن بێکاری دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنی ئابووری و نایەکسانی لە دابەشبوونی دەرامەتەکان لە نێوان ناوچە جیاوازەکاندا. داهات تەنها هۆکارێکی ماددی نییە، بەڵکو فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لە دیاریکردنی ئاستی سوودمەندبوونی خێزان لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەک تەندروستی و پەروەردەدا، هەر بۆیە بێکاری لەو خێزانانەی کە داهاتی مانگانەیان نزمە، دەبێتە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی داخراوی هەژاری، کە کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر پێکهاتەی ئابووریی پارێزگاکە دەبێتن. (Poston and Bouvier, 2017: 342).

گەر لە خشتەی (٣-١١) بنوارین، کە داتای مەیدانی بۆ باری داراییی خێزانی بێکاران لە پارێزگای هەولێردا دەرخستییە، وێنەیەکی ڕوون لەسەر ئاستی بێبەشبوونی ئابووری و فشاری بژێوی دەخەنە ڕوو، کە تێیدا پەیوەندییەکی هاوتەریب لە نێوان دیاردەی بێکاری و نزمبوونی ئاستی داهات بەدی دەکرێت. وەک لە داتاکانی سەرجەمی پارێزگادا دەردەکەوێتن، زۆرینەی ڕەهای بێکاران لە ناو ئەو خێزانانەدا چڕبوونەتەوە کە داهاتی مانگانەیان لە نێوان (١٢١ بۆ ٥٠٠ هەزار دینار) دایە، بە ڕێژەی (٧٠,٤٪). لە ڕوانگەی جوگرافیای دانیشتووانەوە، ئەم داتایە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بێکاری لە هەولێر نەک تەنها کێشەی بێبەشبوونی تاکە لە کار، بەڵکو گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئابووریی خێزان، چونکە ئەم ئاستە لە داهات بە لەبەرچاوگرتنی تێچووی بەرزی ژیان و هەڵاوسان لە پارێزگاکەدا، خێزانەکان دەخاتە ژێر هێڵی هەژاریی ڕێژەیی و توانای خۆڕاگرییان لە بەرانبەر قەیرانە داراییەکاندا کەمدەکاتەوە.

خشتەی (٣-١١): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی داهاتی مانگانەی خێزان بۆ قەزایەکانی پارێزگای هەولێر

| قەزایەکان | ١٢٠ هەزار و کەمتر (ژمارە/٪) | ١٢١-٥٠٠ هەزار (ژمارە/٪) | ٥٠١-١,٠٠٠,٠٠٠ (ژمارە/٪) | زیاتر لە ١ ملیۆن (ژمارە/٪) | کۆی گشتی قەزا (ژمارە/٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٨ (١٠,٩٪) | ١٥٥ (٦٠,٣٪) | ٥٥ (٢١,٤٪) | ١٩ (٧,٤٪) | ٢٥٧ (١٠٠٪) |
| مەخموور | ٣ (٢,٩٪) | ٨١ (٧٧,١٪) | ١٩ (١٨,١٪) | ٢ (١,٩٪) | ١٠٦ (١٠٠٪) |
| دەشتی هەولێر | ٣ (٤,٨٪) | ٤٧ (٧٤,٦٪) | ١٣ (٢٠,٦٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٦٣ (١٠٠٪) |
| شەقڵاوە | ٠ (٠,٠٪) | ٣٠ (٥٨,٨٪) | ٢١ (٤١,٢٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٥١ (١٠٠٪) |
| سۆران | ٠ (٠,٠٪) | ٣٦ (٧٢,٠٪) | ١٣ (٢٦,٠٪) | ١ (٢,٠٪) | ٥٠ (١٠٠٪) |
| خەبات | ١ (٢,٦٪) | ٣٤ (٨٩,٥٪) | ١ (٢,٦٪) | ٢ (٥,٣٪) | ٣٨ (١٠٠٪) |
| کۆیە | ٢ (٥,٦٪) | ٢٧ (٧٥,٠٪) | ٥ (١٣,٩٪) | ٢ (٥,٦٪) | ٣٦ (١٠٠٪) |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مێرگەسۆر | ٠ (٠,٠٪) | ٢٥ (١٠٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٢٥ (١٠٠٪) |
| چۆمان | ٠ (٠,٠٪) | ١٠ (٨٣,٣٪) | ٢ (١٦,٧٪) | ٠ (٠,٠٪) | ١٢ (١٠٠٪) |
| ڕەواندز | ٠ (٠,٠٪) | ٩ (٩٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ١ (١٠,٠٪) | ١٠ (١٠٠٪) |
| سیدەکان | ٠ (٠,٠٪) | ٨ (١٠٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٨ (١٠٠٪) |
| کۆی پارێزگا | ٣٧ (٥,٦٪) | ٤٦٢ (٧٠,٤٪) | ١٢٩ (١٩,٧٪) | ٢٧ (٤,١٪) | ٦٥٦(١٠٠٪) |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسیی مەیدانی).

لەسەر ئاستی دابەشبوونی شوێنی، تێبینی دەکرێت کە نایەکسانییەکی شوێنجێیی لە دابەشبوونی داهاتدا بوونی هەیە. لە قەزای ناوەندی هەولێر، بێکاری زیاتر لە ناو توێژی مامناوەندی نزمدا چڕبووەتەوە (٦٠,٣٪ لە گرووپی ١٢١-٥٠٠ هەزار)، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرزترین ڕێژەی بێکارانی تێدایە کە لە ناو خێزانی هەژار و کەم داهاتدان (١٢٠ هەزار و کەمتر) بە ڕێژەی (١٠,٩٪). ئەمە دەریدەخاتن کە بێکاریی ناوەند خەسڵەتێکی پەراوێزنشینیی شاریی وەرگرتووە. لە بەرانبەردا، لە قەزایە دوورەدەستەکانی وەک مێرگەسۆر و سیدەکان، داتاکان گەیشتوونەتە لوتکەی چڕبوونەوە بە ڕێژەی (١٠٠٪) لە ناو گرووپی (١٢١-٥٠٠ هەزار دینار). ئەم جەمسەرگیرییە ئابوورییە لە پەراوێزەکاندا دەیسەلمێنێت کە بێکاری لەم ناوچانەدا دیاردەیەکی گشتگیرە و هەموو یەکە خێزانییەکانی گرتووەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە جیاکارییەکی چینایەتی هەبێت، کە ئەمەش بە هەژاریی شوێنیی گشتگیر لە قەڵەم دەدرێتن.

جگە لەمانەش، تەنها (٤,١٪)ی بێکارانی پارێزگاکە لە ناو ئەو خێزانانەدان کە داهاتیان لە سەرووی یەک ملیۆن دینارەوەیە، ئەم نزمبوونەوەیە نیشانەی ئەوەیە کە بێکاری لە هەولێر زۆرتر ڕووی لەو توێژانەیە کە بژێوییان تەنها وابەستەی کاری ڕۆژانە و مووچەیە و خاوەنی هیچ جۆرە سەرمایە و داراییەکی کۆکراوە نین. بە کۆی گشتی، شیکردنەوەی جوگرافیای داهات دەریدەخاتن، کە بێکاری لە پارێزگای هەولێر خەسڵەتێکی چینایەتیی نزمی هەیە و ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دروستبوونی (بازنەیەکی داخراوی هەژاری)، بە جۆرێک بێکاری دەبێتە هۆی نزمیی داهات، و نزمیی داهاتیش ڕێگر دەبێت لەوەی تاکەکان بتوانن وەبەرهێنان لە لێهاتووییەکانی خۆیاندا بکەن بۆ دەستکەوتنی کارێکی باشتر. ئەم دۆخە پێویستی بە داڕشتنی سیاسەتی بەرگریی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی دارایی هەیە، بەتایبەت بۆ ئەو قەزا و ناوچانەی کە بێکاری تێیاندا گەیشتووەتە ئاستی داڕمانی تەواوی باری ئابووریی خێزانەکان

## ٢-٤- بواری کارکردنی بێکاران

بوارەکانی کارکردن و دابەشبوونی پیشەیی دانیشتووان، ڕەهەندێکی جەوهەریی شیکردنەوەی جوگرافی بۆ هێزی کار پێکدەهێنن؛ چونکە جۆری چالاکییە ئابوورییەکان و ئاستی گەشەپێدانی کۆمەڵگە نیشان دەدەن. لە ڕووی تیۆرییەوە، بونیادی پیشەیی ڕەنگدانەوەی قۆناغی گەشەکردنی ئابوورییە، کە تێیدا هێزی کار لە کەرتە نەریتییەکانەوە (کشتوکاڵ) بەرەو کەرتە خزمەتگوزارییەکان دەگوازرێتەوە. پسپۆڕانی دیمۆگرافیا ئاماژە بەوە دەکەن کە بێکاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە "بواری کارکردن"ەوە بەستراوەتەوە؛ چونکە زۆربەی جار دیاردەکە وەک دەرئەنجامی "ناهاوسەنگیی پێکهاتەیی" سەرهەڵدەدات، کاتێک سیستەمی پەروەردە هێزی کار بۆ بوارگەلێک بەرهەم دەهێنێت کە بازاڕی کار چیتر پێویستی پێیان نەماوە یان تێربوونیان تێدا دروست بووە (Weeks, 2015: 412). لەلایەکی ترەوە، لە ڕوانگەی جوگرافیای دانیشتووانەوە، بواری کارکردن وەک نیشاندەرێک بۆ کوالێتیی سەرمایەی مرۆیی سەیر دەکرێت. شیکردنەوەی بوارە جیاوازەکان نیشانی دەدات کە چۆن گۆڕانکاری لە


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

پێداویستییەکانی وەبەرهێنان دەبێتە هۆی دروستبوونی بێکاریی پێکهاتەیی، بەتایبەت لە ناو دەرچووانی بوارە تیۆرییەکاندا کە ڕووبەڕووی سنووردارێی دەرفەتەکان دەبنەوە لە چاو بوارە تەکنیکی و پراکتیکییەکاندا. ئەم دۆخە فشارێکی زۆر دەخاتە سەر ناوەندە شارنشینەکان، بەوپێیەی چڕبوونەوەی بێکاران لە بوارێکی پیشەیی دیاریکراودا، کێبڕکێ لەسەر هەلی کارە کەمەکان زیاد دەکات و دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی بێکاری و بەفیڕۆچوونی توانای زانستیی تاکەکان لە ناوچەی توێژینەوەکەدا. (Poston and Bouvier, 2017: 318).

خشتەی (٣-١٢) ئەنجامەکانی شیکردنەوەی مەیدانی بۆ بواری کارکردنی پێشووی بێکاران لە پارێزگای هەولێر نیشان دەداتن، وێنەیەکی ورد لەسەر جۆری ئەو کەرتە ئابوورییانە دەخاتە ڕوو کە تووشی پاشەکشە بوون یان ناتوانن هێزی کاری نوێ هەڵبمژن. وەک لە داتاکانی سەرجەمی پارێزگادا دەردەکەوێت، کەرتی خزمەتگوزارییەکان بە ڕێژەی (٤٥,٧٪) لە پلەی یەکەمی بوارەکاندا دێت، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی شوناسی ئابووریی پارێزگای هەولێرە وەک ناوەندێکی سیاسی، کارگێڕی و خزمەتگوزاری. چڕبوونەوەی بێکاری لەم کەرتەدا ئاماژەیە بۆ دیاردەی تێربوونی وەزیفی، بەو مانایەی کە کەرتی خزمەتگوزاریی حکومی و تایبەت گەیشتووەتە ئاستێک کە چیتر توانای ڕەخساندنی هەلی کاری نوێی نییە، ئەمەش فشاری توندی خستووەتە سەر ئەو بێکارانەی کە خاوەن بڕوانامەن یان لە ناوەندە شارنشینەکاندا نیشتەجێن.

خشتەی (٣-١٢): دابەشبوونی بێکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی بوارەکانی کارکردن لەسەر ئاستی قەزایەکانی پارێزگای هەولێر

| قەزایەکان | کشتوکاڵ (ژمارە/٪) | پیشەسازی (ژمارە/٪) | خزمەتگوزاری (ژمارە/٪) | بازرگانی (ژمارە/٪) | کۆی گشتی قەزا (ژمارە / ٪) |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٣ (٨,٩٪) | ٨٥ (٣٣,١٪) | ١٣٨ (٥٣,٧٪) | ١١ (٤,٣٪) | ٢٥٧ (٣٩,٢٪) |
| مەخموور | ٥٠ (٤٧,٢٪) | ١٣ (١٢,٣٪) | ٤٠ (٣٧,٧٪) | ٣ (٢,٨٪) | ١٠٦ (١٦,٢٪) |
| دەشتی هەولێر | ٩ (١٤,٣٪) | ٢١ (٣٣,٣٪) | ٣٠ (٤٧,٦٪) | ٣ (٤,٨٪) | ٦٣ (٩,٦٪) |
| شەقڵاوە | ٣٠ (٥٨,٨٪) | ٩ (١٧,٦٪) | ١٢ (٢٣,٥٪) | ٠ (٠,٠٪) | ٥١ (٧,٨٪) |
| سۆران | ٧ (١٤,٠٪) | ١٧ (٣٤,٠٪) | ٢٤ (٤٨,٠٪) | ٢ (٤,٠٪) | ٥٠ (٧,٦٪) |
| خەبات | ١٠ (٢٦,٣٪) | ٦ (١٥,٨٪) | ١٨ (٤٧,٤٪) | ٤ (١٠,٥٪) | ٣٨ (٥,٨٪) |
| کۆیە | ٨ (٢٢,٢٪) | ٩ (٢٥,٠٪) | ١٦ (٤٤,٤٪) | ٣ (٨,٣٪) | ٣٦ (٥,٥٪) |
| مێرگەسۆر | ٥ (٢٠,٠٪) | ٩ (٣٦,٠٪) | ١٠ (٤٠,٠٪) | ١ (٤,٠٪) | ٢٥ (٣,٨٪) |
| چۆمان | ٣ (٢٥,٠٪) | ٢ (١٦,٧٪) | ٥ (٤١,٧٪) | ٢ (١٦,٧٪) | ١٢ (١,٨٪) |
| ڕەواندز | ١ (٠.١٠٪) | ٣ (٣٠,٠٪) | ٤ (٤٠,٠٪) | ٢ (٢٠,٠٪) | ١٠ (١,٥٪) |
| سەیدەکان | ٢ (٢٥,٠٪) | ٢ (٢٥,٠٪) | ٣ (٣٧,٥٪) | ١ (١٢,٥٪) | ٨ (١,٢٪) |
| کۆی پارێزگا | ١٤٨ (٢٢,٦٪) | ١٧٦ (٢٦,٨٪) | ٣٠٠ (٤٥,٧٪) | ٣٢ (٤,٩٪) | ٦٥٦ (%١٠٠) |

سەرچاوە: کاری توێژەر (دەرهاویشتەی ڕاپرسیی مەیدانی)

لەسەر ئاستی دابەشبوونی شوێنی، تێبینی دەکرێت کە جەمسەرگیرییەکی پیشەیی لە نێوان ناوەند و پەراوێزەکانی پارێزگاکەدا بوونی هەیە. لە قەزای ناوەندی هەولێر، بێکاری خەسلەتێکی خزمەتگوزاری و پیشەسازی هەیە، بە جۆرێک کە (٥٣,٧٪)ی بێکاران لە کەرتی خزمەتگوزاری و (٣٣,١٪)یان لە کەرتی پیشەسازیدا تۆمارکراون. ئەمە دەریدەخات کە بێکاریی

ناوەند پەیوەندی بە پاشەکشەی وەبەرهێنانی شارنشینی و وەستانی چالاکییە پیشەسازییەکانەوە هەیە. لە بەرانبەردا، لە قەزا دوورە دەست و گوندنشینەکاندا، بواری بێکاری بەرەو کەرتی سەرەتایی (کشتوکاڵ) لادەداتن، لوتکەی ئەم دیاردەیە لە قەزای شەقڵاوە تۆمار کراوە کە تێیدا (٥٨,٨٪)ی بێکاران لە کەرتی کشتوکاڵدایە، و لە قەزای مەخمووریش ڕێژەکە دەگاتە (٤٧,٢٪). ئەم داتایانە لە ڕوانگەی جوگرافیای دانیشتووانەوە ئاماژەیەکی مەترسیدارن بۆ دارمانی ئابووریی گوند و پاشەکشەی کەرتی کشتوکاڵ وەک سەرچاوەی بژێوی، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکیی پاڵنەری کۆچی گوندنشینانە بەرەو شارەکان.

جگە لەمانەش، کەرتی پیشەسازی بە ڕێژەی گشتیی (٢٦,٨٪) لە پلەی دووەمی بێکاریی پارێزگاکەدا دێت، کە ئەمەش نیشانەی سستبوونی ژێرخانی پیشەسازی و کێشەی بێکاریی تەکنیکییە. لە کاتێکدا کەرتی بازرگانی کەمترین ڕێژەی بێکاریی تێدا تۆمارکراوە کە تەنها (٤,٩٪)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە کەرتی بازرگانی لە هەولێر هێشتا وەک کەرتێکی چالاک و خۆڕێن ماوەتەوە و کەمتر تووشی پاشەکشەی هێزی کار بووە. بە کۆی گشتی، بونیادی پیشەیی بێکارانی هەولێر دەری دەخاتن، کە پارێزگاکە لە قۆناغی گواستنەوەی ئابووریدایە، کە تێیدا کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچە پەراوێزەکاندا هێزی کار لەدەست دەدات، و کەرتی خزمەتگوزاریش لە ناوەندا توانای هەڵمژینی ئەو هێزە کارە نوێیەی نییە. ئەم ناهاوسەنگییە شوێنی و پیشەییە پێویستی بە داڕشتنی ستراتیژییەتی جیاوازی هەرێمی هەیە، بە جۆرێک کە کار بۆ ژیاندنەوەی کشتوکاڵ لە قەزاکانی وەک شەقڵاوە و مەخموور بکرێت، هەروەها لە ناوەندیشدا کار بۆ فرەچەشنکردنی بوارەکانی کارکردن بکرێت تاوەکو فشار لەسەر کەرتی خزمەتگوزاری کەم ببێتەوە.

لە کۆتایی بەشەکەدا دەتوانین ئەوە هەڵنجێنین، کە دیاردەی بێکاری لە پارێزگای هەولێردا تەنها گرفتێکی ئابووریی کاتی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی بونیادیی ناوخۆییە کە خاوەنی ڕەهەندێکی شوێنیی جەمسەرگیرە. لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافییەوە، دیاردەی ناوەندێتیی بێکاری لە قەزای هەولێردا (٣٩,٢٪) وەک جەمسەری ڕاکێشان، و سەرهەڵدانی بێکاریی گوندنشین لە قەزای مەخمووردا (١٦,٢٪)، جۆرێک لە دوو جەمسەریی شوێنی دروست کردووە. ئەم دابەشبوونە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بوونی نەگونجانی شوێنی، بەوپێیەی بازاڕی کاری ناوەند چیتر توانای هەڵمژینی ئەو لێشاوە گەورەیەی هێزی کاری نییە کە لە قەزاکانی تر و گوندەکانەوە بەرەو سەنتەری پارێزگا کۆچ دەکەن، ئەمەش وایکردووە کە (٩٨٪)ی بێکارانی پارێزگاکە لە دانیشتووانە ڕەسەنەکان بن، کە ئەمە دەری دەخات قەیرانەکە لە قوڵایی بونیادی دیمۆگرافیی ناوخۆدایە نەک فاکتەری دەرەکی.

لە ڕوانگەی پێکهاتەی دیمۆگرافی و پەروەردەییەوە، بێکاری لە هەولێر خەسلەتێکی گەنجانە و ئەکادیمی وەرگرتووە، بە جۆرێک کە (٨٦٪)ی بێکاران لە خوار تەمەنی ٣٥ ساڵیدان و (٥٩٪)یان خاوەن بڕوانامەی زانکۆ و دبلۆمن. ئەمە گەورەترین نیشانەدەری بەفیڕۆچوونی سەرمایەی مرۆییە، کە تێیدا پسپۆڕییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین ڕێژەی بێکارییان تێدا چڕبووەتەوە. هاوکات، دەرئەنجامەکان ڕاستییەکی کۆمەڵایەتیی مەترسیدار دەخەنە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە بێکاری لەم پارێزگایەدا بێکاریی سەرۆک خێزانەکانە، چونکە (٧٨,٨٪)ی بێکاران خێزاندارن، ئەمەش فشارە ئابوورییەکە لە ئاستی تاکەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی یەکەی

خێزان و دەبێتە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی داخراوی هەژاری، بەوپێیەی (٧٠,٤٪)ی ئەم خێزانانە داهاتیان لە ئاستێکی نزمدایە.

**ئەنجام:**

بەگوێرەی ڕێکارەکانی توێژینەوەکە، گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە ناهاوسەنگییەکی بەرچاو لە دابەشبوونی بێکاریدا لەسەر ئاستی قەزاکان هەیە، بە جۆرێک قەزای ناوەندی هەولێر بە ڕێژەی (٣٩,٢٪) زۆرترین ژمارەی بێکاری تێدا چڕبووەتەوە، ئەمەش بەهۆی لێشاوی کۆچی ناوخۆیی و گەشەی خێرای شارنشینییەوەیە، لە کاتێکدا قەزا دوورەدەست و کوێستانییەکان وەک ڕەواندز و سیدەکان کەمترین ڕێژەیان تێدا تۆمارکراوە کە لە (١,٥٪) تێپەڕ ناکات.

٢. بێکاری لە پارێزگای هەولێر دیاردەیەکی گەنجانەی مەترسیدارە، چونکە (٨٦٪)ی کۆی بێکارانی نموونەکە تەمەنیان لە خوار (٣٥) ساڵییەوەیە. بەتایبەت توێژی تەمەنی (٢٥-٣٤) ساڵ بە ڕێژەی (٢.٤٨٪) لە پلەی یەکەمدا دێت، ئەمەش دەریدەخات کە بێکاری زیاتر ئەو توێژە دەگرێتەوە کە لە لوتکەی توانای بەرهەمهێنانی جەستەیی و زانستیدایە.

٣. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ناهاوسەنگییەکی قووڵ لە نێوان دەرهاویشتە زانستییەکان و بازاڕی کاردا هەیە، بەو پێیەی (٥٩٪)ی بێکاران خاوەن بڕوانامەی (زانکۆ و دبلۆمن)، لە کاتێکدا ڕێژەی بێکاری لە ناو نەخوێندەواراندا تەنها (٣,٢٪)یە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بازاڕی کار نەیتوانیوە سوود لە سەرمایەی مرۆیی ئەکادیمی وەربگرێت.

٤. بێکاری کاریگەرییەکی توندی لەسەر سەقامگیریی خێزان هەیە، چونکە (٧٨,٨٪)ی بێکاران خێزاندارن. ئەم ڕێژە بەرزە فشارێکی دارایی و دەروونیی گەورە دەخاتە سەر یەکە خێزانییەکان و بازنەی هەژاری فراوانتر دەکات، چونکە بێکاریی سەرۆک خێزان یان یەکێک لە ئەندامەکانی، ڕاستەوخۆ دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خێزان.

٥. لە ڕووی ئابوورییەوە دەرکەوتووە کە (٧٠,٤٪)ی بێکاران لە ناو خێزانگەلێکدا دەژین کە داهاتی مانگانەیان لە نێوان (١٢١ بۆ ٥٠٠) هەزار دیناردایە، کە ئەمە ئاستێکی نزمی داهاتە و نیشانەی ئەوەیە کە بێکاری بووەتە هۆی پاشەکشەی بەرچاوی ئاستی بژێوی و کەمبوونەوەی توانای خۆڕاگریی خێزانەکان لە بەرانبەر قەیرانە داراییەکاندا.

**ڕاسپاردەکان:**

بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە لە توێژینەوەکەدا بەدەست هاتوون، ئەم ڕاسپاردە زانستییانەی خوارەوە پێشنیار دەکرێن بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر:

١. چەسپاندنی لامەرکەزییەتی ئابووری: پێویستە حکومەتی هەرێم و لایەنە کارگێڕییەکان ستراتیژیی (گەشەپێدانی هاوسەنگ) پەیڕەو بکەن لە ڕێگەی بردنی پڕۆژە خزمەتگوزاری و پیشەسازییەکان بۆ قەزایەکانی دەرەوەی سەنتەری شار (وەک مەخموور، چۆمان و سۆران). ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی کار لە ناوخۆی ئەو قەزایانە و کەمکردنەوەی لێشاوی کۆچ و فشاری دیمۆگرافی لەسەر بازاڕی کاری ناوەندی شاری هەولێر.

٢ . چاکسازی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا: بەهۆی بەرزیی ڕێژەی بێکاری لە ناو دەرچووانی زانکۆدا (٥٩٪)، پێویستە پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە پرۆگرامەکانی خوێندن و پسپۆڕییە ئەکادیمییەکاندا بکرێت. پێشنیار دەکرێت زانکۆکان زیاتر جەخت لەسەر "پسپۆڕییە

تەکنیکی و پیشەییەکان" بکەنەوە کە بازاڕی کاری کەرتی تایبەت پێویستی پێیەتی، تاوەکو درزی نێوان دەرهاویشتە زانستییەکان و پێداویستییەکانی بازاڕ پڕ بکرێتەوە.

٣. پشتیوانیکردنی پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان :(SMEs) بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ٨٦٪ی بێکاران گەنجن، پێویستە سندوقی قەرزی بچووک چالاک بکرێتەوە و ئاسانکاریی یاسایی و باجی بۆ ئەو گەنجانە بکرێت کە دەیانەوێت پرۆژەی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن. ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی گەنجان لە "خوازەری کار" بۆ "ڕەخسێنەری کار" و فشار لەسەر کەرتی گشتی کەم دەکاتەوە.

٤. چالاککردنی یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی: بۆ پاراستنی مافی بێکارانی خێزاندار کە زۆرینەی بێکارانی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، پێویستە یاسای کار لە کەرتی تایبەت بە توندی جێبەجێ بکرێت. دابینکردنی بیمەی بێکاری و دەستەبەری خانەنشینی لە کەرتی تایبەت وادەکات بێکاران بە متمانەوە ڕوو لەو کەرتە بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی سەقامگیریی دارایی بۆ خێزانە کەمداهاتەکان.

٥. هەمەجۆرکردنی کەرتی وەبەرهێنان: پێویستە هاندانی وەبەرهێنەران بکرێت بۆ کارکردن لە کەرتە "کارخوازەکان" (Labor-intensive sectors) وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتیاری، نەک تەنها کەرتی نیشتەجێبوون. پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لە قەزا کوێستانی و دەشتاییەکان، نەک تەنها بێکاری کەم دەکاتەوە، بەڵکو ئاسایشی خۆراکیش بۆ پارێزگاکە دابین دەکات و ئاستی داهاتی خێزانە گوندنشینەکان بەرز دەکاتەوە.

سەرچاوەکان:


١- دەستەی ئاماری هەرێم (٢٠٢٢). ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان ٢٠٢١. هەولێر: وەزارەتی پلاندانان، حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- الأهواني، نجلاء (٢٠١٢). اقتصاديات العمل. القاهرة: مطبعة جامعة القاهرة.

٣- القريشي، مدحت (٢٠٠٧). اقتصاديات العمل. الطبعة الأولى. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع، ل. ١٩٤.

٤- الحمد، صبري فارس. (٢٠٠٨). دراسات في جغرافية السكان. الإسكندرية: الدار العالمية للنشر والتوزيع.

٥- يوسف، عمار حميد. (٢٠٢٥) .البطالة في العراق: الأسباب - الآثار - المعالجات .[بحث منشور]. متاح على منصة عبر الرابط:

https://www.researchgate.net/publication/388374690_albtalt_fy_alraq_alasbab_-_alathar-_almaljatUnemployment_in_Iraq_-_causes_-_effects_-_treatment

٦- الأيزرجاوي، أحمد محسن جودة (٢٠٢٠). التحليل المكاني لظاهرة البطالة في محافظة ذي قار. أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، جامعة ذي قار، كلية الآداب، قسم الجغرافية، العراق.

٧- الحربي، نوال حجي حمود، والشمري، يوسف شرعان غثيث. (٢٠٢١). "التباين المكاني للحالة التعليمية للسكان ومدى انتشار البطالة بين مخرجاته في المملكة العربية السعودية

(دراسة في جغرافية السكان)". المجلة العربية للدراسات الجغرافية. المجلد (٤)، العدد (٩)، ص ص ١٩٩-٢٣٢.

8- ESCWA (2021). The Labour Market in the Arab Region: Dynamics and Challenges. Beirut: United Nations Economic and Social Commission for Western Asia.

9- Newbold, K. B. (2014). Population Geography: Tools and Issues. 2nd edn. Lanham: Rowman & Littlefield.

10- Peters, G. L. and Larkin, R. P. (2008). Population Geography: Problems, Concepts, and Prospects. 9th edn. Dubuque: Kendall Hunt Publishing.

11- Poston, D. L. and Bouvier, L. F. (2017). Population and Society: An Introduction to Demography. 2nd edn. New York: Cambridge University Press.

12- Weeks, J. R. (2015). Population: An Introduction to Concepts and Issues. 12th edn. Belmont: Cengage Learning.

Sources:

1- Dastya Aamari Haram (2022). How about this month of Kurdistan 2021. Holler: Ministry of Foreign Affairs, Government of the Prime Minister of Kurdistan.

2- Al-Ahwani, Naglaa (2012). Labor economics. Cairo: Cairo University Press.

3- Al-Quraishi, Medhat (2007). Labor economics. First edition. Amman: Dar Wael for Publishing and Distribution, L. 194.

4- Al-Hamd, Sabri Fares. (2008). Studies in population geography. Alexandria: International House for Publishing and Distribution.

5- Youssef, Ammar Hamid. (2025). Unemployment in Iraq: Causes, Effects, and Treatments. [Published Research]. Available on the platform via the following link:

https://www.researchgate.net/publication/388374690_albtalt_fy_alraq_alasbab_-_alathar-_almaljatUnemployment_in_Iraq_-_causes_-_effects_-_treatment

6- Al-Aizarjawi, Ahmed Mohsen Jawda (2020). Spatial Analysis of the Unemployment Phenomenon in Dhi Qar Governorate. Unpublished PhD Dissertation, University of Dhi Qar, College of Arts, Department of Geography, Iraq.

6- Al-Harbi, Nawal Haji Hamoud, and Al-Shammari, Yousef Sharaan Ghathith. (2021). "Spatial Variation of the Educational Status of the Population and the Extent of Unemployment Among its Graduates in the Kingdom of Saudi Arabia (A Study in Population Geography)". Arab Journal of Geographical Studies. Volume (4), Issue (9), pp. 199-232.

7- ESCWA (2021). The Labour Market in the Arab Region: Dynamics and Challenges. Beirut: United Nations Economic and Social Commission for Western Asia.

8- Newbold, K. B. (2014). Population Geography: Tools and Issues. 2nd edn. Lanham: Rowman & Littlefield.

9- Peters, G. L. and Larkin, R. P. (2008). Population Geography: Problems, Concepts, and Prospects. 9th edn. Dubuque: Kendall Hunt Publishing.

10- Poston, D. L. and Bouvier, L. F. (2017). Population and Society: An Introduction to Demography. 2nd edn. New York: Cambridge University Press.

11- Weeks, J. R. (2015). Population: An Introduction to Concepts and Issues. 12th edn. Belmont: Cengage Learning.